
بەرچاوڕوونی
پەیرەوو پرۆگرامی
رەوت
دین
بانگەواز
ئوممەت
پەیرەوو پرۆگرامی رەوت

بسم الله الرحمن الرحيم

# پەیرەوو پرۆگرامی
# رەوث

بەرچاوڕوونی

# پەیرەوو پرۆگرامی
# رەوت

مامۆستا کرێکار

لە بڵاوکراوەکانی رەوتی شاخ

پێشکەشە:

**بە بەشداربووانی یەکەمین کۆبوونەوەی گشتی رەسمی رەوت..**

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفَرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأَشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديدَاً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

# پێشەکی

ڕەوتەوانانی بەڕێزو عەزیزم .. السلام عليكم ورحمة الله وبركاته..

زۆر جار ئەوەم لە دەرسەکانی کۆمەڵکاریدا بیر خستوونەتەوە کە ئەم ڕەوتەی ئێمە دەیەوێت هەمووومان لەسەر کۆمەڵێك لایەنی مەعریفی گۆش بکات، تا بە تواناوە ململانێ شارستانێتیەکەمان پێ هەڵسوڕێت:

**لایەنی یەکەم: ڕەسەنێتی مەنهەجی عەقائیدی** ئەهلی سوووننەت و جەماعەتمانە، کە دەبێت ڕێساکانی بکەینە ئەو زەمینەی کە ڕەوتەکەی لەسەر دەوەستێت.

**لایەنی دووەم: دیدو تێڕوانین و پێناسەی فیکریمانە** کە لە چوارچێوەی دیدو تێڕوانینی گشتگیری تەوحیدییدا داڕێژراوە، کە روکنەکانی بریتین لە جۆرەکانی تەوحید، لە ناسینی خوای گەورەو پەرستنی و دان نان (ئیعتیراف کردن) بە دەسەڵاتی حاکمێتی و یاسادارشتنی.. پاشان داڕشتنی ئەم دیدو تێڕوانینە وەك **(تەوحیدی مەعریفی)** و بەرنامەیەکی پەروەردەیی ئەو خەڵکەی قبووڵیان کردووە، تا لە ناو خۆیان **(ئوممەتی موسوڵمان)** پێك بهێنن و بە تەوحیدەکە **(بانگەوازو بزاوتی گۆڕین)** لە ناو کۆمەڵگەکەیاندا دروست بکەن.

**لایەنی سێیەم: هەبوونی بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامێکی سیاسیی** کە درەخشانەوەی ئەو دیدی عەقائیدی و فیکرییەکەی ڕەوت بێت تا لە واقیعی کوردستاندا بیچەسپێنێت.

**لایەنی چوارەم: هەبوونی قیەمێکی کۆمەلایەتی** کە بتوانێت ئاراستەی تاك و کۆی کۆمەڵگەکە بکات.. ئەمەش مەدرەسەکانی تەزکیەی نەفسە لە ئیسلامدا کە لە سێ لاوە کەسایەتی موسوڵمان دادەڕێژن: **(پەروەردەی دەروون)**، **(رەفتارو رەوشت)**، **(ئادابی کۆمەلایەتی و رەچاوکردنی بەرامبەران)**..

**لایەنی پێنجەم: ڕوواندنی هەستی کۆمەڵکاریی و ئینتیمای ئوممەتی لەم ڕەوتەوانەدا** تا بزانێت ماف و ئەرك و دەسەڵاتی لە ڕەوتەکەدا چییەو چۆن ووزەکانی خۆی لە کۆمەڵکاریی ڕەوتدا بەگەڕ دەخات..

**لایەنی شەشەم: بەرچاوڕوونی ستراتیجێتی..** کە بریتییە لە زانین و قەناعەت کردن بە ئامانجە دوورەکەی، کە هەموو ڕەوتەوانان ووزەی خۆیانی بۆ دەخەنە گەڕ، لەگەڵ زانینی مەودای ڕێبازەکەو قۆناغکاریی و پشوو درێژیی بڕینی..

**لایەنی حەوتەم: واقیعناسی:** کە زانینی مەڵبەندەکانی هێزی کۆمەڵگەو بنەماکانی ئەفکارو دیدو پێناسەی ململانێکان و دەبەڕێك راچوون و هاتن و پووکانەوەی دەسەڵاتی

سیاسی موسوڵمانان و تێهەڵچوونەوەی نوێ و بەرنامەی حزبە ئیسلامیەكان و هتد. لەگەڵ زانینی واقیعی جاهیلییەتی بەرامبەر ، بە تەواوی.

**لایەنی هەشتەم: هەستی ئەمنی..** كە هەر سێ لایەنی ئەمنیەتی كات و شوێن و رەفتار دەگرێتەوە، كە هەر سێكیان لە قورئان و سوننەتدا ئاشكراو راشكاو ئاڕاستەی موسوڵمانیان كردووە تا مومارەسەی بكەن..

هەروەها چەندین لایەنی تریش.. كە لە شوێنێكی تردا بەناوی (بوارەكانی شیاوكردنی رەوتەوان) زیاتر روونم كردوونەتەوە.

ئەمەی ئێستا لەبەردەستاندایە پەیڕەوو پرۆگرامێكی سیاسی پێشنیار كراوە، كە لەسەر بنەما فیكریەكانمان دامەزراوە، بنەماكانیش لە دیدی عەقائیدیمانەوە وەرگیراوە.. تا زەمانی بە رەسمی كردنی ئەم پەیڕەوو پڕۆگرامە (لە كۆنگرەیەكی گشتییدا، یان لە پلۆنیۆمێكی ئەهلی حەل وعەقددا) دەشێت موناقەشەی بكرێت و گۆڕین وكەم كردنەوەو زیادەی (ئیزافەی) تری بێتەسەر..

بەڕێزان.. وا ئەم پەیڕەوو پڕۆگرامە بڵاو دەكەمەوە تا بگاتە دەستی هەموو لایەكتان و تا (٢٠١٨/١/٣٠) موناقەشە بكرێت.. ئومێدم وایە هەموو لایەكتان ووردەكارانەو بە چاوی لێكۆڵینەوەو تاووتوێ كردنی هەموو ماددەو بڕگەیەكیەوە بیخوێننەوەو تێبینییەكانی خۆتانم بەو ئیمایلە بۆ بنێرنەوە.. موناقەشەكردنی ئەم دیدو تێڕوانینە هەر مافی رەوتەوانان نییە، مافی هەموو ئیسلامیەكان و سەرجەمی موسوڵمانانیشە.. لەو باوەڕەدام كەسانی تریش خاوەن مافن لە موناقەشەكردنەكەیدا. چونكە بە جۆرێك لە جۆرەكان ئەوانیش دەگرێتەوە.. من لای خۆمەوە هیوادارم ببێتە پەیامی سیاسی رەوت، بەڵام رای من یەكێكە لەو راوبۆچوونانەی رەسمێتی دەداتێ..

خوای گەورەش پشتیوانتان بێت.. ئامین..

وصلى الله على سيدنا و مقتدانا محمد وعلى اله و صحبه أجمعين

**كرێكار**

**ئۆسلۆ**

ڕەخنەو تێبینیەکانتان بنێرن بۆ ئەمە:

peshnyarirawt@gmail.com

# بەرنامەی ناوخۆی

# رەوث

## بەشی یەکەم:

# مادده گشتییەکان

### ماددەی یەکەم: ناو:

١ـ ناوی ڕەوت (شاخ)ـە کە بریتییە لە دوو پیتی یەکەمی هەر یەك لە ووشەی (**شاهیدانی خواوویستی**) کە دەشێت بە عەرەبی ببێتە (**شهداء الله**) یان (**الشهداء الربانیون**) کە هەردووکیان لە ئایەتی قورئانەوە وەرگیراون.. لە هەمان کاتیشدا شاخ ووشەیەکی کوردی ڕەسەنەو زۆر واتای تر دەبەخشێت و ئاسان لەسەر زمان دێت کە بووترێت (ڕەوتی شاخ).

بە زمانی عەرەبی دەشێت بە (تیّارُ الشاخ) بەکار بێت نەك گۆڕین و وەرگێڕانی.

٢ـ ڕەوت: ڕۆیشتنی هێدیانەو قەرەباڵغیە، وەکو لە کاتی مەراسیمی حەجدا بۆ ڕۆیشتنی قەرباڵغیانەی حاجیەکان دەوترێت (تَیّارُ الحَجیج) واتە: ڕەوتی حاجییەکان.. لەمەوە زاراوەی ڕەوتی فیکریی و ڕەوتی سیاسی وەرگیراوە.

### ماددەی دووەم: پێناسەی ڕەوت:

ڕەوت: ڕەوتی فیکری و سیاسی بزاوتێکی کۆمەڵایەتییە نەك حزبێتی. دەشێت لە کۆمەڵگەکەیدا ڕەوتێك ڕۆژانە کاریگەریی خۆی بنوێنێت ولە هەمان کاتیشدا لە رووی ڕەسمییەوە مۆڵەتی یاسایی پێ نەدرابێت. ڕەوت بزوتنەوەی جەماوەرییە نەك وەکو حزب نوخبەیەکی سیاسی ڕەسمیی بێت. ڕەوتی ئێمەش نوێنەرو بازنەی خەباتی هاوبیرانمانە، لەم ڕەوتەدا پێدەگەین تا خەبات بکەین لە پێناوی بە دارولئیسلام کردنەوەی کوردستان.

### ماددەی سێیەم: مەرجەعێتی ڕەوت:

١. سەرچاوەی هەموو ئاڕاستەیەکی ڕەوت قورئان و سوننەت و کۆڕا (ئیجماع)ـە. تێگەیشتنی ئەمەش بە پێی ڕێساکانی سەلەفە.

٢. مێژووی ئیسلام گەنجینەی سەدان ئەزموونەو ئەزموونی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی سەردەمیش گەنجینەی بەردەستی ڕەوتن.

**ماددەی چوارەم: دروشم:**

- دروشمی قۆناغی ئێستامان: (نان و ئەمان بۆ هەمووان)
- دروشمی هەمیشەییمان: (یەکخواپەرستی لە بیروباوەڕدا، بەزەیی لە ڕەفتاردا، توندوتیژیی لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا) کە بە عەربی دەبێتە: (التوحید فی الاعتقاد، والرحمة فی التعامل، والغلظة فی المواجهة)، بەردەوام نیشان دەدرێن و بە گوێدا دەدرێنەوە تا دەبنە ممارەسەی ڕۆژانەی ڕەوتەوانان.

**ماددەی پێنجەم: ئارم:**

ئارمی ڕەوت لە مانەی خوارەوە پێك دێت:

١. بازنەیەك کە هێمای بەردەوامی هەڵسوڕانە، بەرواری دامەزراندنی ڕەوتی لەسەرە کە ڕۆژی پەسەندکردنی ئەم پەیڕەوو پرۆگرامەیە. هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا یادی دامەزراندنی ڕەوت دەکرێتەوە.

٢. سێگۆشەیەك لە ناو بازنەکەدایە هێمای جێگیریی و دابینبوونە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی جۆرەکانی تەوحیدە لە (**عەقیدەت وعیبادەت وشەریعەت**)دا، هەروەها هێمای بزاوتە بە (**دین و ئوممەت و بانگەواز**) کە بە تیر (سەهم) ڕوویان لە یەکتریی کراوە، واتە بە یەکتریی مەنهەجی دیدو ڕێ و کۆمەڵکارییمان پێکدەهێنن.

**ماددەی شەشەم:ئاڵا:**

ڕەوت ئاڵایەکی ڕەسمی و ئاڵایەکی شەعبی هەیە، هەردووکیان لە بۆنەکانی خۆیدا لە پشتەوە دادەنێت..

١. ئاڵای ڕەسمی: لاکێشەیەکە، درێژییەکەی دوو ئەوەندەی پانییەکەی دەبێت، ڕەنگی تەختەکەی سپییە، لە ناوەڕاستیدا وێنەی مانگێکی (هیلالی) بە ڕەنگی سەوز ڕوو لە چەپ تێدا نەخشێنراوە، کە هێمای ئیسلامە. لە سەرو خوارێی ئاڵاکە دوو هێڵی سوور کێشراون، کە نیشانەی دەرنەچوونە لە ئیسلامەکە.

٢. ئاڵای شەعبی: بەرماڵێکە بە چنینی کوردی. بەرماڵ نیشانەی موسوڵمانێتی و پاکییە.

**ماددەی حەوتەم:هێمای ڕەسمی ڕەوت:**

هێمای ڕەسمێتی ڕەوت هەبوونی ناوو دروشم و ئارمی ڕەوتە، کە دەبێت بەسەر هەموو بەڵگەنامەیەکی ڕەوتەوە هەبێت..

**ماددەی هەشتەم:زمان:**

١.زمانی کوردی زمانی ڕەسمی ڕەوتە.
٢.بایەخدان بە زمانی عەرەبی ئەرکی بەرپرسانی ڕەوتە، چونکە عەرەبی زمانی قورئان و سوننەتە..
٣.گرنگیدان بە زمانەکانی تر بە تایبەتی فارسی و تورکی و ئینگلیزی.

# بەشی دووەم:

## ئامانجەکانی ڕەوت

**ماددەی نۆیەم: لە بواری سیاسی دا:**

**یەکەم: لەسەرئاستی کوردستان:**

١. سڕینەوەی ئاسەواری حوکمی بەعس و داگیرکاری (إحتِلال)ی ئەمریکایی و دارشتنەوەی پارسەنگانەی کەسایەتی کوردی بە دیدو بەهای (قییەم) ئیسلام.

٢. گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان و پاککردنەوەی ئیدارەکانی لە گەندەڵی و مشەخۆری.

٣. بە داروئیسلام کردنەوەی کوردستان.

٤. لە دەست دەرهێنانەوەی هەموو ئەو داهات و سەرمایەو ئامێری بەرهەم و کارگانەی کە موڵکی گشتین لە هەر کەسێك کە بە ناهەق بۆتە خاوەنیان.

٥. ئیلغا کردنەوەی هەموو بڕیارو یاساو تەعلیماتێکی دژ بە ئیسلام.

٦. جیهاد کردن لە پێناوی گێڕاندنەوەی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد.

٧. لەسەر کردنەوەو مسۆگەرکردن و پاراستنی هەموو مافێکی ڕەوای تاك و کۆی ئەو کەمینانەی هاووڵاتی کوردستانین "دینی بن یان نەتەوایەتی" هەروەها ئەوانەش کە بە شێوەی شەرعی هاتوونەتە کوردستانەوە..

٨. کارکردن بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و لەسەر کردنەوەی مافخوراوان.

**دووەم لەسەرئاستی عێراق:**

١. یەکخستنی خەباتی ڕەوت لەگەڵ خەباتی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوە عێراقیانەی دەخوازن عێراق ببێتە وولاتێکی ئیسلامی وا کە مافی هەموو دانیشتوانێکی تێدا مسۆگەر ببێت.

٢. خەبات کردن لە پێناوی دامەزراندنی سیستمی ویلایاتە ئیسلامیەکان لە عێراقدا، کە شیاوە بۆ سێ پێکهاتەکەی گەلانی عێراق و ناوچەکانیان. سێ ویلایەتی "کوردستان" و "هەرێمی عەرەبی سونی" و "هەرێمی عەرەبی

شـیعه"، دەسـەڵاتی مەرکـەزیی بەغـدادیش لـە نوێنـەرانی هـەر سێ هەرێمـەکان پێکـدێت، کـە بـە پـێی ڕێـژەی راسـت و ڕەوای دانیشـتوانی هەرێمەکان دەبێت.

**سێیەم: لەسەرئاستی وڵاتی موسوڵمانان:**

١. پشتگیریی هەموو کۆمەڵ و بزاوتێکی جیهادی.
٢. پشتگیریی جیهادی هەموو بزاوت و گەلانی ناوچە داگیرکراوەکان، بۆ وەدەست هێنانەوەی ئازادی و دامەزراندنەوەی حوکمی ئیسلامی.
٣. لەسەر کردنەوەی هەموو تاك و کۆیەکی مافخوراو لە هەر کوێ بێت.

**ماددەی دەیەم: لە بواری ئابووریدا:**

**خاڵە گشتییەکان:**

١. ریشەکێشکردنی هەموو سیماو سیفەتێکی گەندەڵیی.
٢. دارِشتنەوەی سیاسەتی ئابووری ئیسلامی و چەسپاندنی لە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کوردستاندا.
٣. قەدەغە کردنی هەموو سەوداومامەڵەیەکی سووداریی (رِبَوی).
٤. نەهێشـتنی هـەلقۆسـتنەوەی (إسـتِغلال) دەسـەڵاتدارێتی حکـومی بـۆ بەرژەوەندی تایبەتی..
٥. دارِشتنەوەی ژێرخانی ئابووریی، لە هەموو لایەنەکانییدا.
٦. بەگەر خستی تاك تاکی گۆمەڵگە لە شوێنی کاری خۆیان و رێگرتن لە هەموو کاسبییەکی نارِەوا.

**لایەنی چاندن و ئاودێریی:**

١. سـەندنەوەی زەوی و زارو خانووبـەرە زەوت کراوەکـان و گێرِانـەوەیان بـۆ خاوەنەکانیان، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بەو هۆیەوە لێیان کەوتووە.
٢. دابەشکردنەوەی زەوی و زار بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.
٣. وەرگرتنەوەی زەوی مرێندراو (مەوات) و تۆمارکردنی لە موڵکی گشتییدا.

٤. بایەخدان بە بەرهەمی ئاژەڵ و کڕینەوەی بەرهەم لە بەرهەمهێنەکان و گەیاندنەوەی بە بازاڕی ناوخۆ بە نرخێکی کەمتر.
٥. ئاسانکاریی هێنانی ئامێرو کەرەستەی نوێی چاندن.
٦. ڕێکخستنەوەی سیستمی ئاودێریی و دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی ئاو.
٧. سولفە دان بە جوتیارو خاوەن زەوی و زار.
٨. قەدەغەکردنی راوکردن بە گشتی و لە کاتی زاوزێی گیانلەبەراندا بە تایبەتی و دیاری کردنی کات و شوێنی راو.

**لایەنی پیشەسازیی:**

١. دارشتنی سیستمێکی دادپەروەرانە بۆ سەرپەرشتی و چاودێری سامانەکانی ژێر زەوی بە تایبەتی نەوت، و گێڕانەوەی مولْکێتی و بەرهەمهێنان و فرۆشتن و خزمەتەکانی تری بۆ حکومەت.
٢. داڕشتنی پلانی ئابووری/کۆمەڵایەتی پێویست بۆ گەیاندنی داهاتی نەوت و مسۆگەر کردنی پێداوویستیەکانی دانیشتوانی کوردستان و پاراستنی پشکی نەوەکانی داهاتووش.
٣. ڕێکخستنەوەو نەوژەن کردنەوەی سیستمی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ووزەی کارەبا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا.
٤. پەرەپێدانی بەنداوو سەرچاوەکانی ئاوو سەرچاوەی تەکنۆلۆژیایی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای پێویست.
٥. داڕشتنی نەخشەی پێنج ساڵانەی خۆبژێویی لە دروست کردن و داهێنانی پیشەسازیی و کەمکردنەوەی پشت بەستن و ئیعتیماد خستنە سەر بەرهەمی دەرەکی..
٦. پشتگیریی کردنی کەرتی گشتی پیشەسازییە سووکەکانی گەل بە توانای دارایی و پسپۆڕو ئاسانکاریی پێویست.
٧. پشتگیریی هەموو بەرهەمێکی پیشەسازیی خۆماڵیی و پەرەپێدانی چۆنیەتی و چەندێتی بەرهەمیان بە پێدانی پێشینە (سلفە)و کڕینەوەی بەرهەم و ئاسانکاریی مامەڵە.

**لایەنی بازرگانیی:**

١. بەهێزکردن و بەرفراوان کردنی دەزگای چاودێریی کاڵای دەرەکی و ڕێنەدان بە هاتنە ناوەوەی حەرام و دزراوو ماوەبەسەرچوو هاوجۆرەکانی..
٢. داڕشتنی سیاسەتێکی تۆکمە بۆ پەرەپێدانی بازرگانی ناوخۆو دەرەوە.
٣. ڕێکخستنەوەی سیستمی باج ولادان و ڕادانی هەموو ڕووتاندنەوەیەکی ناهەقی رەسمی کە بە ناوی حکومەتەوە کە لە خەڵکی کراوە.
٤. لادانی کۆسپە ئیدارییەکانی ڕێی کارو بەگەڕخستنی سەرمایەی دانیشتوان بە تایبەتی و هەموو کوردێك بە گشتی.

**ماددەی یازدەم لە بواری کۆمەلآیەتی دا:**

١. **داڕشتنەوەی کەسایەتی کوردستانی** لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەو لادانی ئاسەواریی (غەریب کەوتن) نەمانی هەستی ئینتیما، کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی زەقی کۆمەڵگەی کوردستانی و عێراقیی دوای ئیحتیلال. ئەمەش بە بوارکردنەوە دەبێت بۆ پەروەردەکاریی نەوەی نوێ بە شێوەیەکی شارستانێتی راقیی (رەسەنکردنەوەو نوێکردنەوە)و ئاڕاستەکردنی پارسەنگانەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کوردستانی.
٢. سڕینەوەی رەفتارو رەوشتی نا پەسندی وەکو حەسوودیی و جاسووسیی لەسەرکردن و جاشێتی و نۆکەرایەتیی لە ناو کەسایەتی کورددا و داڕشتنەوەی لەسەر دابونەریتی رەسەنی کوردەواریی و ئادابی کۆمەڵایەتیی و ڕێزگرتنی بەرامبەرو پاراستنی ماف و رەفتارکردنی پارسەنگ و شیاو لەگەڵ گەورەو بچووکدا.
٣. ئیلغاکردنەوەی هەر یاساو رێسایەك کە رێ لە پێکەوەنانی خێزان دەگرێت.
٤. ئاسانکاریی بۆ پێکەوەنانی خێزان و ڕێگرتن لە شیرازەپسانی.
٥. بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی نێوان خزم و کەسوکارو دراوسێ و هاوگەڕەکیی و گەشەدان بە گیانی هاوڕێیەتی و ناسیاوێتی و هاندانی ژن و ژنخوازیی دوور.

٦. چارەسەرکردنی کێشەی تاك و کۆی ئافرەتانی چەوساوەو پاراستنی مافی ئافرەت و پاراستنی لە هەموو دەستدرێژییەکی خانەوادەیی و کۆمەلایەتی..
٧. بوارکردنەوە بۆ خوێندن و ڕۆشنبیربوونی ئافرەتان و سازکردنی هەلی سەلماندنی زات، لە هەموو لایەنێکی سیاسی و ئابووری و پەروەردەییەوە، بە مەرجێك زیان بە خێزان نەگەیێنێت.
٨. نەهێشتنی چینایەتی و ڕێنەدان بە چەوسانەوەی سەرمایەداریی نوێ.
٩. سەرپەرشتی پیرو پەککەوتەو بێکەس و کەمئەندامان و لانەوازان و هاوشێوەیان وبڕینەوەی مووچەی (بەس) بۆیان و چارەسەری نەخۆشیی و هەقی هاتوچۆی گشتییان بە خۆڕایی، لەسەر گەنجینەی دەوڵەت دەبێت.
١٠. گەشاندنەوەی بۆنە کۆنەکانی کلتووری کوردەواریی لە شین و شادی.
١١. ئاسانکاریی بۆ هەموو ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لایەنێکی ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی گرتبێتە ئەستۆ..

**ماددەی دوازدەیەم: شەهیدان:**

١. دامەزراندنی وەزارەتێکی سەربەخۆ بۆ کاروباری شەهیدان.
٢. تۆمارکردنی هەموو حاڵەتێکی کوشتن و مردن لە پێناوی رزگاریی میللەتی کوردو پۆلێن کردنیان بۆ ئیعدام و سەنگەرنشین و پشتیوان و پۆلی تر، بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بە پێی شایانبوونی زیاتری ئاستی مافی بۆ دیاری بکرێت.
٣. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجەو حەملە کیمیاوییەکانی دوژمن و تۆمارکردنی ناوو کەسایەتی و هەموو حاڵەتەکانیان.
٤. بەخشینی پارچە زەوییەکی (بەس)ی چاندن، یان رووبەرێکی سێجای خانوو یان (شووققەی حکومەتی) بە هەر یەکێك لە کەسوکاری پلە یەك و دووی شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجەو حەملەی کیمیاویی و رەچاوکردنی شوێن و کاتی وەرگرتن و پێکەوەبوونیان بکرێت.

## ماددەی سێزدەم: ئاوەدانکردنەوە:

١. پاکردنەوەی کوردستان لە مین.
٢. هاندانی گەڕانەوەی گوندنشینەکان بۆ زەوی زارەکانیان.
٣. دانی قەرزی بانك بە هەموو گوندنشینان بۆ ئاوەدان کردنەوەی خانوبەرەو زەوی و زاریان.
٤. چاکردنەوەو دروست کردنی رێگاو بان و جادەو پردو بەستنەوەی گوندەکان بە شارێگای سەرەکی شارەکانەوە.
٥. دامەزراندنی خەتی شەمەندەفەر لە نێوان شارەکانی کوردستان.
٦. گەیاندنی هێڵی کارەباو پۆست و بۆری ئاوو بە هەموو شوێنێکی کوردستان و ئاسانکاریی بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی و ئینتەرنێت و شێوازەکانی تری گەیاندن.

## ماددەی چوارادەیەم: تەندروستی:

١. کردنەوەی کۆلیجی تری پزیشکی و ئاسانکاریی وەرگرتنی قوتابیانی سەرکەوتوو، ناردنە دەرەوەی یەکەمینی کۆلیجەکان بۆ تەواوکردنی خوێندنیان لە دەرەوە..
٢. کردنەوەی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی لە هەموو شوێنێکی پێویستی کوردستان ودابینکردنی داوو دەرمان و ئامێرو کەلوپەلی پێویستی تەندروستی.
٣. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیی لە نێو کۆمەڵگەو بنبڕکردنی هۆکارەکانی نەخۆشیی.
٤. چاکردنەوەو پەرەپێدانی تۆڕی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆکان، لە هەموو شوێنێکی کوردستان.
٥. پاراستنی ژینگەی کوردستان و رێگرتنی جیددی لە پیسبوون و زیان پێگەیاندن و چاودێری کردنی نەشاردنەوەی زبڵی ئەتۆمی لە کوردستان.
٦. گرنگیدان بە سامانی دارو دارستان و رێگرتن لە راوی نایاسایی و قەدەغەکردنی راوکردنی هەموو گیانلەبەرە دەگمەنەکانی کوردستان..

**ماددەی پازدەیەم: ئیدارەو کارگوزاری:**

١. دامەزراندنی مەرکەزێتی ئیدارە لە ڕێی ئینتەرنێت و ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی ئەو معامەلاتانەی ئامادەبوونی خاوەنەکانیانی ناوێت.
٢. ناردنە دەرەوەی سەرکەوتووانی کۆلیجی ئیدارەو ئامار و هاوشێوەیان بۆ دەرەوەی وولات بۆ وەدەستهێنانی پسپۆڕیی و شارەزایی زیاتر.
٣. دانانی کەسانی شیاوو دەسپاك و بەتواناو کارامە لە شوێنە ئیدارییەکان بێ گوێدانە تەزکیەی حزبیی و واسیتەو مەحسوبییەت.
٤. بنبڕکردنی دیاردەی بەرتیلخۆریی و ڕۆتینیاتی ئیدارەو بیرۆکراتی..
٥. نوێکردنەوەی سیستمی ئیداریی و بەکارهێنانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی تەکنۆلۆژیای سەردەم لە هەموو ئیدارەکاندا..

**ماددەی شازدەیەم: پەروەردە و خوێندی باڵا:**

١. گۆڕینی سیستمی خوێندن و بەرنامەی ماددەکان بە شێوەیەك کە گیانی گرگنی و سەرسامبوون بە خەڵکی تر لە فێرخوازدا نەهێڵێت، و لەگەڵ دین و کلتووری کوردییشدا بگونجێت.
٢. نەهێشتنی دیاردەی تێکەڵاوی نێرو مێ لە بوارەکانی خوێندندا.
٣. بایەخدانی زیاتر بە فێرکاران و نرخاندنی ڕۆڵی کاریگەرییان لە پەروەردەو ئاڕاستەی نەوەکان و ڕوواندنی قیەمی ڕەسەنێتی و گیانی نوێخوازیی تێیاندا.
٤. کردنەوەی کۆلیجی تری پێویست لە چەندین شارو شارۆچکەدا بۆ ئاسانکاریی وەرگرتنی فێرخوازو شیاوکردنی کادیری دیکەی فێرکاریی..
٥. گرنگیدان بە خوێندنی باڵاو ئاسانکاریی بۆ پێگەیاندنی کادیری تر و پەیوەندی بەستن لەگەڵ زانکۆو مەڵبەندەکانی فێرخوازیی وولاتانی ترو ناردنە دەرەوەی کادیرە سەرکەوتووەکان بۆ شارەزایی زیاتر..

٦. بایەخدانەوە بە زانستە شەرعیەکان و کردنەوەی زانکۆی تایبەت پێیان و لە خۆگرتنی ئەو فێرخوازە سەرکەوتووانەی لە وولاتانی دەرەوە شەهادەی ماستەرو دکتۆرایان لە بوارە جیاوازەکانی ئیسلامدا هێناوە..

٧. زیندووکردنەوەی سیستمی فەقێیەتی و برەو پێدان و ئاسانکاریی بۆی.

٨. کردنەوەی قوتابخانە بە گوێرەی پێداوویستی ناوچەکانی کوردستان و ئاسانکاریی خوێندن بە دابین کردنی پێداوویستیەکانی.

٩. مسۆگەر کردنی بەشی ناوخۆیی زیاتر بۆ فێرخوازان و ڕەچاوکردنی باری ئەمنییەتیان و ڕێگرتن لە دەستێوەردانی حزبی لە کاروباری فێرخوازان و ئیدارەو مامۆستایانیان.

١٠. نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە ناو گەورەو بچووکی هەردوو ڕەگەزەکەدا.

١١. کردنەوەی پەیمانگاو ناوەندی تر بۆ پێگەیاندنی خێرای کادیری ناوەندی هەموو بوارەکانی ژیان.

١٢. حکومەت بە بەرپرس دەزانین لە دۆزینەوەی کار بۆ فێرخوازی دەرچوو..

١٣. بایەخدان بە زمانی کوردی و دانانی بەرنامەی خوێندنی هەموو زارگۆتنەکان بە شێوەیەکی خورتی.

١٤. کردنەوەی کتێبخانەیەکی مەرکەزیی لە هەولێری پایتەخت کە هەموو نوسراوێکی چاپکراوو دەستنوس لە خۆ بگرێت و هەوڵ بدرێت هەموو ئەو دەستنووسانەی لە وولاتانی تریشن نوسخەیان لەبەر بگیرێتەوەو بهێنرێتەوە وولات.. هەروەها کردنەوەی کتێبخانەی تر لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان و تەرخان کردنی بوجەی تایبەت بۆ پڕکردنەوەی لە کتێب و نوسراوی تر..

## ماددەی حەڤدەیەم: وەرزش و لاوان:

١. دارشتنی سیستمێکی ئاراستەوانی پەسەند بۆ وەرزش و هاندانی سوارچاکیی و تیرئەندازیی و مەلەوانی و یاریەکانی سەرچیا، لەگەڵ یارییە شەعبیەکانی جیهان.. بە شێوەیەك کە گیانی لاسایی کردنەوە نەهێڵێت..

٢. کردنەوەی یاریگای وەرزشە جۆراوجۆرەکان و دامەزراندنی یانەی وەرزشی لە شارو شارۆچکەکان و مسۆگەرکردنی پێداوویستیەکانیان.

٣. بایەخدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی رەسمی و شەعبی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان.

## ماددەی هەژدەیەم: ئەدەب و رووناکبیری:

١. دابینکردنی ئازادی بیرو ئازادی دەربڕین بۆ هەمووان، لەگەڵ رەچاوکردنی سنووری بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی.

٢. نوسینەوەو یەکخستنی سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردی وکردنەوەی مەڵبەندی مەرکەزیی بۆ ئەو مەبەستە.

٣. هاندان و بوارکردنەوە بۆ بیرمەندو رۆشنبیران و کردنەوەی فێرگەو مەڵبەندی رۆشنبیریی پێویست و پشتگیریی سەرکەوتووان.

٤. کردنەوەی مەڵبەندی فێرکردنی زمانە سەرەکیەکانی جیهان.

٥. بەخشینی (کۆمپیوتەرو پرینتەر) بە هەموو فێرخوازێکی پەیمانگاو زانکۆو دابینکردنی خەتی ئینتەرنێتی بۆ هەموان بەرامبەر کرێیەکی کەم.

## ماددەی نۆزدەیەم: گەشت و گوزارو شوێنەوار

١. دانانی سیستمێکی ئاراستەوانی گەشتوگوزار کە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد رەچاو بکات..

٢. ئاوەدان کردنەوەی سەیرانگاو ناوچە سیاحیەکانی کوردستان و گەشەپێدان و پاراستنی ئەمنیەتیان..

٣. بایەخدان بە شوێنەوارە دێرین و مێژووییەکانی کوردستان و پاراستنیان و هاندانی فێرخوازانی قۆناغێکی دیاری کراوی خوێندن بۆ سەردان لە مۆزەخانەو گوێگرتن لە شەرحی پسپۆڕانی.

٤. ڕێکخستنی گەشتی ساڵانەی فێرخوازان بۆ سەر هێماکانی ئەنفال وهەڵەبجەو حەملەکانی کیمیاویی و گوێگرتن و نیشاندانی ئەو وەسیقە تایبەتیانەی پەیوەندییان بە کارەساتەکانی کوردەوە هەیە.

# بەشی سێیەم:

## شێوازی کۆمەڵکاری رەوت

**ماددەی بیستەم: شێوازی کار:**

**رەوت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم شێوازانە بە شەرعی دەزانێت و دەیانگرێتە بەر:**

١. گەیاندنی ئاشکراو راشکاوی بەلاغی دینی ئیسلام بە خەڵکی و بانگکردنیان بۆ قبووڵ کردنی ئیسلام و پێوەپابەندبوونی..

٢. کردنەوەی بوارو دامەزراندنی کەناڵی گفتوگۆ لەگەڵ هەموو کەسێکدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەی دژ بە ئیسلام لە لای بوونەتە بەڵگەی راستی..

٣. دارشتنی بەرنامەی پەروەردەکردنی پشوودرێژانەی ئەو کەسانەی دەبنە رەوتەوان، و هاندانی هەموو رەوتەوانێك بۆ خوێندن و دەرچوون لە فێرگەو تاقیکردنەوەکانییدا..

٤. رێکخستنی لایەنگران و پشتیوانانی رەوت بە شێوەیەکی قووچەکی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بۆ دیاری کردنی ماف و ئەرك و دەسەڵاتی هەر کەس و ئۆرگانێك و شێوازی پەیوەندییەکانی بەوانی ترەوە..

٥. دروست کردنی پێگەیەکی شەعبی بەهێزو گوێڕایەڵی رێبەری رەوت بۆ دروست کردنی هێزی تین..

٦. زیندووکردنەوەو رێکخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی حیسبەو فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لەخراپە کە تایبەتە بە کۆمەڵگە مەدەنییەکەی موسوڵمانان.

٧. رواندنی گیانی پشوو درێژیی بانگەوازی خوایی و خۆگریی لەسەر ناسۆرەکانی رێ و وورەبەرزیی و خۆسازدان بۆ جیهادو رووبڕوو بوونەوەی هەر هێزێکی شەڕخواز کە بیەوێت مافی رەوت زەوت کات..

٨. بەستنی پەیمان و رێکەوتنی پێویست لەگەڵ ئەو لایەنانەی کۆڵکەی هاوبەشیان لەگەڵماندا هەیە..

٩. پێکەوەنانی هەموو هۆکارێکی شەرعی بۆ پاراستنی ڕەوت و بەهێزکردنی گیانی خۆگریی ڕەوت ورەوتەوانان.

١٠. خۆسازدان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی کاتیی بۆ بەڕێوەبردنی کارو ئاسانکاریی پێداچوونەوەی دەستوورو هەڵبژاردنی دەزگا سیادییەکانی کوردسان ..

١١. کۆمەڵکاریی ڕەوت دەشێت لە قۆناغی ئێستادا نە خەباتی بزاوتی چەکداریی بێت و نە ململانێی سیاسیانەی حیزبیی، دەشێت کۆمەڵکارییەکی ڕێکخراوانە بێت و ببێتە هێزی تین و فشار لەسەر دەسەڵاتداران بۆ هێنانەدیی ئەو بەڵێنانەی پێش هەڵبژاردنەکان بە خەڵکیان دابوو. تا لەگەڵ جەماوەردا ڕێکات نەك لەگەڵ دەسەڵات..

# بەشی چوارەم:

## هەڵوێستەکان

**ماددەی بیستویەکەم:**

**هەڵوێست و نزیك ودووریمان لە سەرهەڵوێست و نزیك و دووریی لە ئیسلام دەوەستێت، کێ لە ئیسلام نزیك بێت لێی نزیك دەبین، کێ لە ئیسلام دووربێت لێی دوور دەبین..**

١. پشتگیریی هەموو بزوتنەوەیەکی ئیسلامی دەکەین بە مەرجی رۆشنی مەنهەج و ئاڵاو سەربەخۆیی دیدو هەڵوێستی.

٢. رەوت ئامادەی کۆمەڵکاریی هاوبەشە لەگەڵ ئیسلامیانی کوردستانی، پێشی باشە کە لە سەرەتاوە بە دروست کردنی بەرەیەکی ئیسلامی دەست پێ بکرێت.

٣. رەوت کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی ئیسلامیانە لە خۆ دەگرێت و هەموو ووزەیەکی بەردەستی بۆ هێنانەدی مافی رەوای کورد دەخاتە گەڕو بە هەموو شێوەیەك دەسکەوتەکانی گەل دەپارێزێت..

٤. رەوت پێی زەروورییە لەسەر کۆلکە هاوبەشەکان لەگەڵ هەموو پارت و گرووپێکی کوردستانییدا رێکەوێت.

٥. رەوت پشتگیریی خەباتی گەلانی عێراق دەکات بۆ ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی شەرعی و هەڵبژاردنی حکومەتێکی ئازاد.

٦. رەوت دژی هەست و گیانی نەژادپەرستی و بوغزو کینەی دژ بە ئینتمای دەستەجەمعیی گەل و نەتەوەو دین و مەزهەب و دیدی فیکریی و رێبازی سیاسی مرۆڤە.

٧. رەوت هەموو هاوکارییەکی عێراقییە دڵسۆزەکان دەکات بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوازێکی گەندەڵیی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەی عێراقدا.

٨. رەوت پشتیوانی خەباتی هەموو گەلانی موسوڵمانی ژێر دەستەیە، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان..

٩. ڕەوت پشتیوانی خەباتی جەماوەریيانەی میللەتانە بە تایبەتی گەلی عەرەب لە لادان و ڕادانی سیستەمە دیکتاتۆریيەکانی وولاتەکانیان کە سیستەمی پڕستەمی جیهانگیریی وەکو داشی دامە دایناون..

١٠. ڕەوت بێ ئەوەی کۆمەڵکاریی کوردستانیانەی لاواز بکات "بە ئومێدی هێنانەوەی ڕۆڵی ئوممەت وخیلافەتەکەی لە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکاندا" لەگەڵ هەموو ڕەنجێکی خێرخوازانەی لێك نزیکبوونەوەو یەکبوونەوەی لەتە دابڕاوەکانی ئوممەتی ئیسلامدایە، چ وەکو کیانی سیاسی، چ وەکو کۆمەڵکاریی نێونەتەوەیی بزاوت و پارت و کۆمەڵەکان..

١١. ڕەوت دژی تەدەخولاتی وولاتانی دراوسێیە لە کاروباری بەڕێوەبردن و ئاڕاستەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی کوردستانییدا، پێشی وایە بەردەوام بوونی دەستێوەردانی موخابەراتیانەو تین و فشاری سیاسیی و ئابووریی ئەوان بارگرژیی لە میزانی گەلانی ناوچەکەدا دروست دەکات.. ئەمە ڕێ لە بەهێز کردنی پەیوەندی ڕەسمی دوولایەنە ناگرێت کە لەسەر بنچینەی ڕێزی یەکتریی دامەزرا بێت.

١٢. ڕەوت ڕێز لە هەموو دین و دیدێکی دینی کوردستانیان دەگرێت و پێی وایە مافی هەموان لە شەریعەتی ئیسلامییدا پارێزراوە.

١٣. ڕەوت پەیوەندی بەهێز دەبەستێت لەگەڵ ئەو لایەنە عێراقیانەی لە دیدو ڕێدا یەکن، پاشان ئەوانەی کۆلکەی هاوبەشی زیاتریان پێکەوە هەیە، پاشان ئەوانەی دەشێت پێکەوە کار کەن بۆ هێنانەدیی هەموو بەرژەوەندییەکی هاوبەشی عێراقیانە..

# بەشی پێنجەم:

## بنەما فیکرییەکانی رەوت

**ماددەی بیستودووەم: دیدو ڕێ ی رەوت:**

١. ئیسلام کۆتا پەیامی خوای کردگارو خاوەنە کە بە محمدی کوڕی عبداللە دا صلی اللە علیە وسلم ناردوێتی، ئەم دینە بۆ روون کردنەوەی یەکخواپەرستی و داڕشتنی پەیوەندی نێوان عەبدو خوایە لەسەر رێسای بەندایەتی مرۆڤەکان بۆ خوای گەورە.

٢. عەبدایەتیی خوا لە دیدی ئێمەدا ناسینی خوا (الربوبیة) دەخوازێت، پاشان پەرستنی (الالوهیة)، ئینجا دانان بە مافی رەوای خوای گەورە لە داڕشتنی یاساو ڕێسادا (الحاكمیة). ئەمەش سێ جۆرەکەی تەوحیدەو بەشە سەرەکییەکەی زەمینەی عەقائیدی ئێمەیە.

٣. دیدو تێڕوانینی فیکریی و پێناسەی رەوتی ئێمە بۆ مرۆڤ و ژیان و گەردوون، بۆ پێکهاتەو چارەنووسیان لەم زەمینە عەقائیدییەمانەوە دێت..

٤. خەڵك كە باوەڕ بەم دیدو تێڕوانینە (تەوحیدیە) دێنن بە موسوڵمان دەناسرێن، ئیتر ئەمانە لە بازنەی ئینتیمای کۆمەڵکاریی گشتیی تەوحیدەکەدا کۆ دەبنەوەو کۆمەڵێك پێك دێنن کە پێی دەوترێت (ئوممەت). ئەم ئوممەتە بە دیدو ڕێی تەوحیدەکە بزاوتێك لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا دروست دەکات کە تێیدا دەژی، بە گۆڕینی دیدو نەریت و دەسەڵات و یاسای جاهیلیی و هەرچی ناڕەواییەك كە تێیدایەو گواستنەوەی تاك و کۆی دەسەڵات و کۆمەڵگە بۆ دیدو ڕێ و دابونەریت و دەسەڵات و حوکمی شەریعەتی ئیسلام، بەم روون کردنەوەیەش دەوترێت: (بانگەواز).. کەوابوو رەوت بزاوتی ئوممەتێکی عەقائیدییە بە دینەکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەو دەسەڵات..

٥. قورئان و سوننەت سەرچاوەی ئاڕاستەی ئوممەت و بزاوتەکەیەتی کە بە پێی تێگەیشتنی سەلەف دەبێت، کە یاوەران و دوو نەوەی دوای ئەوانن..

٦. بۆچوونی فیقهی پێشەواکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت جگە لەوەی مەزهەبی دینی موسوڵمانانن، سامانی دەوڵەمەندی یاساشن، رەوت هەموو

کێشـەیەکی دادگایی سـەرەتایی بـە پـێی مەزهـەبی شـافیعی یـەکلا دەکاتـەوە، ئەگـەر تێهەڵچوونـەوە بـۆ بڕیارەکـە کرایـەوە، دادگـای تـەمییز بـە پـێی چـوار مەزهەبەکـەی ئـەهلی سـوونەت حـوکم یـەکلا دەکاتـەوە، ئەگـەر کێشـەکە چووە دادگای باڵا کۆتا بڕیار بە پێی تەرجیحی بەڵگە دەردەچێت.

٧. رەوت وا بـۆی دەچێـت کـە لـە سـەردەمانی پـێش گرتـنی دەسـەڵاتدا سـنوری کۆتـایی دێت کـە سـنووری کـەس و لایـەنی تـر دەسـت پێ دەکات، دوای گرتـنی دەسـەڵاتیش دەسـتوورو یاسـا سـنووری مـاف و ئـەرك و دەسـەڵاتی هـەموو کەس و لایەنێك دیاری دەکەن..

**ماددەی بیستوسێیەم: کوردستان/ خاك:**

**کوردستان وەکو هەموو وولاتێکی تر "با بێ دەوڵەتیش بێت" بریتییە: لە خاك و خەڵك و دەسەڵاتی سیاسی:**

١. کوردسـتان وولاتـی کـوردو ئـەو گەلانەیـە کـە لەسـەری ژیـاون، پـێش هـاتنی ئیسـتیعماری بـەریتانی و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی قـەومی نـوێ وکێشـانی سـنوری مەلعوون بە ناو خاکی کورداندا، کوردستان یەك وولات بووە. وەکو زۆرینەی خیلافـەتی بـەرفراوانی ئیسـلامی ئیمـارەتی سـەربەخۆی تێـدا دامـەزراوە.. لـە ئیمـارەتی هەزبانییـەوە بـۆ ئیمـارەتی بـەدرخانی گـەورە. بۆیـە رەوت پـێی وایـە کـە پێویستە کوردستان هەر بە یەك وولاتی تەماشا بکرێتەوە، هەرچەندە ئێستا دەسـەڵاتی لادان و ڕادانی ئەو سنوورە مەلعوونەشمان نەبێت، بەڵام دەبێت لـە ژێریـی نـاوەوەی دەسـتەجەمعی نـەوەکانی نوێمانـدا بـە تـەلی دڕکـاوی سـەربازگەی داگیرکەرانی بچوێنین. پێویستە لە ئەدەبیاتی خۆشماندا جەخت لـەوە بکەینـەوە کـە (ئـەم سـنوورە مەلعوونـەو ئـەوی کێشـاوێتی دوژمنـە)و مەلعونتر لەوان ئەو کەسەیە کە پێی وایە رەوایە، یان پێی رازییە)..

٢. رەوت پشتیوانی لە خەباتی هەموو شۆڕش و کۆمەڵێکی کوردستانی دەکات کە لـە پێنـاوی پاراسـتنی خـاك و خـەڵکی کوردسـتاندا خـەبات دەکـات و هـەوڵ دەدات رەنجی کورد بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ببات.

٣. لە باشووری کوردستاندا کە ئێمەی ڕەوتەوانانی شاخ دەژین، هەلومەرجی پێکهێنانی ئیدارەی سەربەخۆی کوردستانی هەبوو، ئێستاش ماوە، بەڵام دەسەڵاتی قەومی کوردی شکستی تێدا هێناوە.. لەبەر ئەوەی سەرانی کوردایەتی لە لایەکەوە هەر بە ئومێدی ڕۆژئاواییە ئیستیعمارییەکان بوون دەوڵەتیان بۆ دروست کەن و خەڵاتیان کەن پێی!! لە لایەکی تریشەوە خۆیان نەیانتوانی بەسەر گیانی مێلیشیاییدا زاڵ بن و لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستاندا ئیدارەیەکی دەوڵەتیانە نیشان دەن.. وا سەد ساڵ بەسەر خەباتی عەلەمانیەتی کوردایەتییدا تێپەڕی و هێشتا وڵاتێکی ئیستیعماری ڕۆژئاوایی بە چاوێکی سۆزەوە نەیڕوانیوەتە خەباتی کوردو چەوسانەوەی کوردستان و عەلەمانیەتی کوردیش نەیتوانیووە ئیدارەیەکی کوردستانی دابمەزرێنێت.. بۆیە ڕەوت لە ڕەسەنێتی دیدی خۆی و بێ ئومێدی پشت بەستن بە ڕۆژئاوا پێی وایە دەبێت نموونەیەکی تری ئیدارەی سیاسی بهێنێتە کایەوە کە لە مێژووی باوباپیرانی خۆمانەوە هاتبێت، ئەویش دەشێت دامەزراندنی ئیمارەتێکی کوردستانی بێت.. ڕەوت پێی وایە دامەزراندنی ئیمارەتێك بە ئیدارەیەکی دادپەروەرو چاکەکار لەسەر هەر مەودایەکی کات و شوێن گەیشتنمانە بە یەکەمین بازنەی ئامانجی ستراتیجێتیمان..بۆیە ڕەوت ان شاء الله ئیمارەتێکی کوردستانی دادەمەزرێنێت..

٤. ڕەوت لە خەباتی بەردەوامدایە بۆ ئازادکردنی هەموو کوردستان لە هەموو داگیرکارێکی نزیك و دوور. پاراستنی سەربەخۆیی کوردو کوردستان ئەرکی هاووڵاتیانەی سەرشانی هەموو ڕەوتەوانێکە.

**ماددەی بیستوچوارەم: کوردستان/ دانیشتوان:**

١. دانیشتوانی کوردستان ئەوەی ئەو کەسانەن کە تا پێش پێکهێنانی سنووری مەلعوونی ئیستیعماری بەریتانی لە سەری ژیاون، بە کوردو تورکمان و عەرەب و ئەرمەنی و ئاشووری و کلدانییەوە، ئەوسا خاوەنی هەر مافێك بووبن، هەر خاوەنین، ئێستا مافیان وەکو هەر کوردێکی هاووڵاتی کوردستانە، بێ جیاوازی ئینتیمای دین و نەتەوەو کلتوورو دیدیان..

**ماددەی بیستو پێنجەم: کوردستان/ دەسەڵاتی سیاسی:**

دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەبێت بە پێی دەستوورێك بێت کە لانی کەم ساڵانێك لەبەر دەستی خەڵکی ئازادی کوردستاندا بووبێت و موناقەشەی تەواوی کرابێت و پەسەندکراو بێت، پاشان دەسەڵاتی سیاسی کوردستان (ئەنجوومەنی نیشتیمانی و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستانی) بە وویستی ئازادی دانیشتوانی کوردستان هەڵبژێررابن. چونکە ڕەوت پێی وایە کە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت: شەرعێتی دەستووری و هاتنی بە هەڵبژاردنی ئازادانەی دانیشتوان.

تێبینی:

ئەم بەرنامەیەی ناوخۆی ڕەوت پێنج بەش و بیستوپێنج ماددەیە.

# پەیڕەوی ناوخۆی

# رەوت

# بەشی یەکەم:

## ڕەوتەوانی (ئەندامێتی ڕەوت)

**ماددەی یەکەم: مەرجی ڕەوتەوانێتی:**

ڕەوت وەك بزوتنەوەیەكی شارستانێتییە، مەدرەسەیەكی فیكرییشە، خوێندن و فێربوونی دیدو ڕێی ڕەوت مافی هەموو كەسێكە، بەڵام چوونە ڕیزی كۆمەڵكاریی ڕەوت چەند مەرجێك دەخوازێت. لەوانە دەبێ داخواز:

١. ئیسلامەتی لە روانگەی تێگەیشتنی ئەهلی سووننەت و جەماعەتەوە وەرگرتبێت.
٢. بە پەیڕەوو پرۆگرامی ڕەوت رازی بووبێت.
٣. باڵغ و ژیرو شیاو بێت.
٤. پابەند بێت بە ئیسلامەوەو فەرزەكانی خواپەرستی جێبەجێ بكات و دوور بێت لە گوناحە گەورەكان.
٥. لە هیچ لایەنێكی ترەوە ئاڕاستە نەكرێت.
٦. دوو ڕەوتەوان تەزكیەیان كردبێت.
٧. ساڵێك لە ڕێكخراوی كراوەدا بووبێت.
٨. بەرپرسێتی پاراستنی نهێنی بخاتە ئەستۆی.

**ماددەی دووەم: ئەركی ڕەوتەوان:**

**ڕەوتەوان بەم ڕەفتارە دیاریكراوانەوە پابەند دەبێت:**

١. سەرڕاستی ئینتیماو دڵسۆزیی و چوست و چالاكی.
٢. سووربوون لەسەر وەرگرتنی بەرنامەی پەروەردەبوون و رۆشنبیریی كە بە پێی مەنهەجی ڕەوتە لە (زانست و پەروەردەو واقیعناسیی)دا.
٣. نهێنی بپارێزێت و نەهێڵێت كەس قسەی لێ دەركێشێت.
٤. هەر دەزگایەكی ئەمنی پەیوەندی پێوە بكات پێویستە سەرو خۆی ئاگادار بكاتەوە بۆ وەرگرتنی ئاڕاستەی پێویست.
٥. سوور دەبێت لەسەر پاراستنی یەكڕیزیی ڕەوت و ڕێنەدات لە هیچ شوێنێك سووكایەتی بە ڕەوت و ڕێبەری بكرێت. ئەگەر بەرگریی بۆ نەكرا ئەو كۆڕو شوێنە بەجێ دەهێڵێت.

٦. بەرژەوەندی ڕەوت دەخاتە پێش بەرژەوەندی خۆی.
٧. لە٣% ی داهاتی مانگانەی خۆی دەداتە بەیتولمالی ڕەوت.
٨. با ڕەوت ئاگای لە ناونیشان و دەوروبەری بێت، ئەگەر ناونیشانی گۆڕی هەواڵ بداتە سەرو خۆی.
٩. بە گیانی بەرپرسی و ئادابی ئیسلامیەوە رەفتار لەگەڵ هەموو کەسێك بكات و بە شێوازێكی جوان ڕەوتەكەی نیشان داتەوە.

**ماددەی سێیەم: مافی ڕەوتەوان:**

ڕەوتەوان جگە لە مافی برایەتی ئیسلامی گشتی ئەم مافانەشی لەسەر ڕەوت هەیە:
١. گوێ گرتن لە ڕەخنەو پێشنیارو وەرگرتن و بەدوودا چوونی سكاڵای.
٢. دانگدان و خۆپاڵاوتنی ئازادانە، بە پێی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی ڕەوت بۆ هەر بەرپرسیارێتییەك كە خۆی بە شیاوی دەبینێت، بێ ڕێگریی.
٣. یارمەتیدانی دارایی (بەس) لە كاتی لێبڕانی بۆ چالاكیەكانی ڕەوت.
٤. مافی وازهێنانی لە ڕەوت پارێزراوە، بەڵام پێویستە ڕەوت هۆكانی وازهێنانەكەی بزانێت.
٥. مافی وەرگرتنی هەموو پۆستێكی بە پێی كات و مەرجی شیاوێتی دەستووریی هەیە.

**ماددەی چوارەم پلەكانی ڕەوتەوانێتی:**

ڕەوت وەكو هەر ڕێكخراوێكی تر بە پێویستی دەزانێت ئاست و پلەی ڕەوتەوانان بە گوێرەی هەبوون و نەبوونی كۆمەڵە مەرجێك دیاری بكات. ئەو (پلە)انەش ئەمانەن:
١. (پلەكان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبڕڕێن) :

* پلەی یەكەم: هاودین. * پلەی دووەم: هاوبیر.

* پلەی سێیەم: هاوڕێ. * پلەی چوارەم: هاوكار.

* پلەی پێنجەم: هاوڕا. * پلەی شەشەم هاوڕاز.

٢. دیوانی ڕێكخستن روونكردنەوەی زیاتر دەخاتە بەر دەست.

## ماددەی پێنجەم: پاداشتی ڕەوتەوان:

ڕەوتـەوان مـافی خۆیـەتی کـە شـیاوێتی خـۆی نیشـان داو چـالاکی بـەرچاوی نوانـد، ڕەوت و ڕێبەریی بە یەکێك لەمانە پاداشتی بداتەوە:

* سوپاس و پێزانین. * خەڵات. * ویسام.

## ماددەی پێنجەم: سەرپێچی ڕەوتەوان:

١. ئەو ڕەفتارانەی دەبنە هۆی سزای ڕەوتەوان:

- ئامادەنەبوونی کۆبوونەوەو چالاکیەکان بە بێ هەبوونی عوزرێکی شەرعی.
- کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا.
- بۆ جاری سێیەم دەبێتە هۆکاری کێشەو ناکۆکی.
- بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی پێچەوانەی ڕەوت.
- ناو نەهێنانی ڕێبەریی بە ناوو ڕێزی شیاوەوە.
- شێواندنی ڕاستی و شاردنەوەی.
- درکاندنی نهێنی.
- فەوتاندنی کەرەستەو کەلوپەلی ڕەوت سەرەنجامی کەمتەرخەمی خۆی.
- بەکارهێنانی ڕەوت بۆ مەرامی تایبەتی خۆی.
- حوکمدرانی بە تاوانی گوناحە گەورەکان.
- جێبەجێ نەکردنی فەرمانی سەروو خۆی، بێ هەبوونی بەهانەی شەرعی.
- دروست کردنی خەت و باڵی تایبەت.
- تەسریحدان بە ناوی ڕەوتەوە بێ هەبوونی مۆڵەت.

٢. سزاکان:

- هۆشیار کردنەوە (تنبیە).
- ئینزار.
- سەرزەنشت.
- ڕاگرتنی ئەندامێتی بۆ ماوەی شەش مانگ یان غەرامەی دارایی.

- پلە دابەزاندن، یان غەرامەی دارایی.
- سزای دارایی.
- تەجمیدکردن.
- کەناردان.
- دەرکردن.

٣. سزادەرکردن مافی دووەم ئۆرگانی سەروترە بە ئاگاداری ئۆرگانێکی سەرو خۆی.

٤. لێکۆڵینەوەو حوکمی تاوان و جینایات لە دەزگاکانی داوەریی ڕەوت یەکلا دەکرێنەوەو ئەوەی کە حەددی شەرعی لەسەرە ڕێبەر واژۆی موسادەقەو جێبەجێ کردنی دەکات.

**ماددەی حەوتەم: لەدەستدانی ئەندامێتی ڕەوتەوان:**

١. هۆکانی نەمانی ئەندامێتی:

- وەفاتکردن (مردن).
- دەرکران.
- دەست لەکارکێشانەوە.

٢. دەرکراو دوای ساڵێك پەروەردەبوونەوەی لە ڕێکخراوی کراوەدا، بە بڕیاری نوێ بە ڕەوتەوانی نوێ قبووڵ دەکرێتەوە.

# بەشی دووەم:

## ئۆرگانەکانی ڕەوت

**ماددەی هەشتەم: دەستە:**

١. دەستە چوار ڕەوتەوانن، سیانیان پلەی سەرەتایی هاودینیان هەیەو چوارەمیش کە بەرپرسیانە هاوبیرە. دەستە بە بڕیاری باڵ پێك دێت.

٢. ئەرك و مافی دەستە:

* خوێندنی بەرنامەی زانست و پەروەردەو واقیعناسیی سەرەتایی ڕەوت (کە ١٥ کتێبە)، بە مەرجی دەرچوون لە تاقیکردنەوەکانییدا.

* کۆبوونەوەی دەوری کە مانگی جارێك کەمتر نەبێت.

* کۆکردنەوەی ٣% ی داهاتی ڕەوتەوانان.

* بڵاوکردنەوەی بیرو دیدی ڕەوت بە ناو خەڵکییدا.. هەر کەسێکیش قەناعەتی پێی کرد دەبێ ڕەوتەوانانی دەستە هانی بدەن بێتە ڕیزی ڕەوتەوەو بیناسێنن بە سەروی خۆیان.

**ماددەی نۆیەم: باڵ (٢٥ ڕەوتەوانە):**

١. پێنج دەستە (١٥ هاودین و ٥ هاوبیری بەرپرسیان) لەگەڵ چوار ڕەوتەوانی ئیداریی و بەرپرسێك. بەم شێوەیە ئیدارەی باڵ دەبەن بەڕێوە:

* هاوڕێی بەرپرسی باڵ.. * نوێنەری ڕێبەریی.

* راوێژکار. ێ هەستەوان. * ئیدارەو دارایی.

٢. باڵ بە ڕەزامەندی کاروان دەکرێتەوەو بەرپرسەکەشی هەر لە لایەن دیوانی ڕێکخستنەوە دادەنرێت.

٣. باڵ سۆراغی ماف و ئەرك و چالاکی دەستەکان دەکات و بەرپرسێتی پەروەردەو ئاڕاستە دەگرێتە ئەستۆ.

٤. باڵ کۆبوونەوەی دەوری هەیە کە نابێت لە مانگ تێپەڕێت.

**ماددەی دەیەم: جەستە (١٠٧ ڕەوتەوانە):**

١. جەستە چوار باڵە (١٠٠کەس) لەگەڵ (٧) ئیداری، کە لەگەڵ بەرپرسی (٤) باڵەکان شورای جەستە (١١کەس) پێك دێنن. کە بەم شێوەیەن:

* (هاوکار)ێك کە بەرپرسی جەستەیە. * نوێنەری ڕێبەریی.

* ڕاوێژکار. * هەستەوان. * ئیدارەو دارایی. * ئاڕاستەوانی شەرعی.

* چاودێری پەروەردەیی. * لەگەڵ چوار بەرپرسی باڵەکان.

٢. جەستە بە ڕەزامەندی ناوچە دەکرێتەوە.

٣. بەرپرسی جەستە لە لایەن شورای جەستەوە لە یەکەمین دانیشتنی ڕەسمییدا هەڵدەبژێررێت. مەرجە خولی شیاوێتی ئیداریی و سیاسی تایبەتی بڕیبێت.

٤. کۆبوونەوەی جەستە دەبێت لە چوار هەفتەدا بکرێت.

**ماددەی یازدەیەم: هەوار (٣٣٣ ڕەوتەوانە):**

١. سێ جەستەیە (٣٢١کەس) لەگەڵ (١٢) ئیداری نوێ، کە ئەمانەن:

* (هاوڕا) یەك کە بەرپرسی هەوارە. * جێگری بەرپرسی هەوار.

* نوێنەری ڕێبەریی. * ڕاوێژکار. * هەستەوان. * ئیدارەو دارایی. * ڕاگەیاندن.

* نەخشەوان. * سکاڵا. * ئاڕاستەوانی شەرعی. * چاودێری پەروەردەیی. * ئەندامی لێبڕاو (متفرغ) * لەگەڵ سێ بەرپرسی جەستەکان.

٢. کۆبوونەوەی دەوریيان لە نێوان ٦.٤ هەفتەدا دەبێت.

٣. بەرپرسی هەوار لە لایەن شورای هەوارەوە لە یەکەمین دانیشتنی ڕەسمییدا هەڵدەبژێررێت. مەرجە خولی شیاوێتی (لە باخی هەر زانستێك گوڵێك)ی بەسەرکەوتوویی بڕیبێت.

**ماددەی دوازدەیەم: کاروان (١٠١٠ ڕەوتەوانە):**

١. سێ هەوارە (٩٩٩ کەس) لەگەڵ (١١) ئیداری نوێ، کە ئەمانەن:

* (هاوڕاز) ێك کە بەرپرسی کاروانە. * جێگری بەرپرسی کاروان.

* نوێنەری ڕێبەری. * راوێژکار. * هەستەوان. * ئیدارەو دارایی.

* راگەیاندن ێ نەخشەوان. * سکاڵا. * ئاڕاستەوانی شەرعی.

* چاودێری پەروەردەیی. * لەگەڵ سێ بەرپرسی هەوارەکان.

٢. ڕێبەری بڕیاری کردنەوەی دەدات.

٣. لە یەکەمین دانیشتنی کارواندا بەرپرسی کاروان هەڵدەبژێررێت.

٤. مانگانە کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام دەدەن.

٥. خولی بەردەوامیان دەبێت بۆ گەشەپێدانی کادیرانی کاروانەکەیان.

٦. ساڵانە دوو راپۆرتی داهێنان و پێشنیاری پێشخستنی ڕەوت بەرز دەکەنەوە.

**ماددەی سێزدەیەم: ناوچە (٣٠٤٠ ڕەوتەوانە):**

١. سێ کاروانە (٣٠٣٠کەس) لەگەڵ (١١) ئیداری نوێ، کە ئەمانەن:

* (هاوڕاز) ێکی پێشخراو کە بەرپرسی ناوچەکەیە. * جێگری بەرپرسی ناوچە. * نوێنەری ڕێبەری. * راوێژکار. * ئاڕاستەوانی شەرعی. * سکاڵا. * هەستەوان. * ئیداری. * دارایی. * نەخشەوان. * چاودێری پەروەردەیی. * لەگەڵ سێ بەرپرسی کاروانەکان.

٢. ڕێبەریی بڕیاری کردنەوەی دەدات.

٣. لە یەکەمین دانیشتنی ناوچەدا بەرپرسی ناوچە هەڵدەبژێررێت.

٤. هەر دوو هەفتەو کۆبوونەوەیەکی خۆیان ئەنجام دەدەن.

٥. خولی بەردەوامیان دەبێت بۆ گەشەپێدانی کادیرانی ناوچەکەیان.

٦. هەر بەشێکی ئیدارەی ناوچە ساڵانە راپۆرتی داهێنان و پێشنیاری پێشخستنی ڕەوت دەداتە بەرپرسی ناوچەو ئەویش راپۆرتی گشتی لێ پێك دەهێنێت و بۆ سەروتری بەرز دەکاتەوە.

**ماددەی چواردیەم: مەڵبەند (٩١٩١ ڕەوتەوانە):**

١. مەڵبەند ویلایەتی ڕەوتە، زۆر کاریگەرە، زۆر جێبایەخی ڕێبەرە. مەڵبەند درەخشانی ڕەوتەو ئالیەتی بەگەڕخستنی ووزەی نوێیە.. (٩١٢٠ کەسە) لەگەڵ (٧١) بەرپرس و ئیداریی. کە ئەمانەن:

* (ئەندامی سەرکردایەتی) بەرپرسی مەڵبەندە.ێ جێگری بەرپرسی مەڵبەند. * سێ راوێژکاری بەرپرسی مەڵبەند. راوێژکاری مەڵبەند. * چاودێری ئیداریی. * ئامار * نەخشەوان. * بەرپرسی خول. * هەڵسەنگاندن. * ئیدارەی دارایی. * چاودێری دارایی. * ژمێریاریی. * بەیتولمال * ئابوونەو خێرو خێرات * راگەیاندن. * ووتەبێژی ڕەسمی. * نوێنەری ڕێبەریی. * هەستەوان (پێنج کەس). * زانیاری. * رابەر سیاسی. * بەرپرسی شەڕی دەروونی. * لیژنەی فەتوا. * ئاڕاستەوانی شەرعی. * فێرخوازی شەرعی. * چاودێری پەروەردەیی. * بەرپرسی کۆمەڵایەتی. * موختار. * وەرگرتنی سکاڵای ناوخۆ. * وەرگرتنی سکاڵای خەڵکی. * پەیوەندییەکانی ناوەوە (٣کەس) *پەیوەندیەکانی دەرەوە (٣کەس). * کاروباری خوشکان (٥کەس). * کاروباری قوتابیان (٥کەس). * وەرزش و لاوان(٤کەس). * سەندیکا (١٠کەس)

* کاسبکاران (٩کەس). * لەگەڵ سێ بەرپرسی ناوچەکان.

٢. کردنەوەی مەڵبەند ڕەزامەندی ڕێبەریی دەوێت.

٣. ڕێبەری سێ کەس و ئیدارەی مەڵبەندو ناوچەکانی چوار کەس بۆ بەرپرسێتی مەڵبەند دەپاڵێون و لە یەکەمین دانیشتنی ئیدارەی مەڵبەنددا بەرپرسەکەی هەڵدەبژێرن.

٤. کۆبوونەوەی ئیدارەی گشتی مەڵبەند هەر دوو مانگ جارێکە.

٥. ئیدارەی مەڵبەند بەرپرسە لە ئەنجامدانی هەموو ئەو ئەرکانەی بە خۆی و لقەکانی سپێرراوەو بۆی هەیە موحاسەبەی دەستە تا کاروان بکات، لەوان سەروتر پێویستە بگێڕرێتەوە بۆ دیوانی ڕێکخستن.

٦. پلەی هیچ ئیدارییەکی مەڵبەند نابێت لە هاوڕێ کەمتر بێت.

٧. بۆ کارئاسانی و بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەی مەڵبەند، (ئەنجومەنی بچووکی ئیدارەی مەڵبەند) لەم (٣٣) کەسەی خوارەوە پێك دێت:

* بەرپرسی مەڵبەند. * جێگری بەرپرسی مەڵبەند. * یەك راوێژکاری بەرپرسی مەڵبەند. راوێژکاری مەڵبەند. * چاودێری ئیداریی. * نەخشەوان.. * هەڵسەنگاندن. * ئیدارەی دارایی. * ژمێریاریی. * بەیتولمال * ئابوونەو خێرو خێرات * راگەیاندن. * ووتەبێژی رەسمی. * نوێنەری رێبەریی. * هەستەوان (١ کەس). * زانیاری. * رابەر سیاسی. * لیژنەی فەتوا. * ئاڕاستەوانی شەرعی. * فێرخوازی شەرعی. * چاودێری پەروەردەیی. * بەرپرسی کۆمەڵایەتی. * وەرگرتنی سکاڵای خەڵکی. * پەیوەندییەکانی ناوەوە (١کەس) * پەیوەندیەکانی دەرەوە (١کەس). * کاروباری خوشکان (١کەس). * کاروباری قوتابیان (١کەس). * وەرزش و لاوان (١کەس). * سەندیکا (١کەس) * کاسبکاران (١کەس). * لەگەڵ سێ بەرپرسی ناوچەکان.

٨. پلەی (ئەنجومەنی بچووکی ئیدارەی مەڵبەند) نابێت لە هاوڕا کەمتر بێت.

# بەشی سێیەم:

## دیوانەکانی رەوت

### ماددەی پازدەیەم: دیوانی رێکخستن:

١.یەکەیەکی پەیکەری ئیداری رەوتەو بەرپرسێتی کاروباری رێکخستنی رەوتەوانانی لە ئەستۆدایەو لەبەر دەست ئەنجومەنی شورادا بەرپرسیارە.

٢.ئیدارەی دیوان لەم (٢٩) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو راوێژکاری بەرپرس. * راوێژکاری دیوان. * نوێنەری رێبەریی. * چاودێری ئیداریی. * چاودێری دارایی. * نەخشەوانی ئابووری. * چاودێری پەروەردەیی. * چاودێری زانستی شەرعی. * راگەیاندن. * هەستەوان. * ئاراستەوانی شەرعی. * لیژنەی فەتوا. * رابەر سیاسی. * زانیاری. * کۆمەڵایەتی * داوەریی. * پەیوەندیەکانی ناوخۆ. * پەیوەندیەکانی دەرەوە. * بەرپرسی خول. * هەڵسەنگاندن. * سەرپەرشتیاری رێکخراوە جەماوەرییەکان. * چاودێری خوشکان. * لەگەڵ بەرپرسی سێ ناوچەکانی مەڵبەند.

٣-بەرپرسێتی سۆراغی رێك رۆیشتنی هەموو ئەرکێکی ئیدارەکانی خوار مەڵبەند لە ئەستۆی بەرپرسێکی ئیداریدا دەبێت لە مەڵبەند.

٤.دووەمین راوێژکاری بەرپرسی مەڵبەند دەبێتە ووتەبێژی رەسمی مەڵبەند.

٥.ئەنجومەنی شورای گشتی بەرپرسی موحاسەبەی ئەندام مەڵبەندە.

### ماددەی شازدەیەم: دیوانی ئاراستە:

١-یەکەیەکی پەیکەری ئیداری رەوتەو بەرپرسێتی ئاراستەی ئۆرگانەکانی رەوتی لە ئەستۆدایەو لەبەر دەست ئەنجومەنی شورادا بەرپرسیارە.

٢.ئیدارەی دیوان لەم (٢١) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو راوێژکاری بەرپرس. * راوێژکاری دیوان * نوێنەری رێبەریی. * چاودێری ئیداریی. * ئامار. * چاودێری

دارایی. ❋ داوەریی. ❋ هەستەوان. ❋ هەڵسەنگاندن. ❋ سەنتەری ستراتیژیی. ❋ ❋ پەیمانگای کادیران. ❋ سەرپەرشتیاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان. ❋ زانایان و کادیرانی دینی. ❋ چاودێری خوشکان. ❋ چاودێری قوتابیان. ❋ چاودێری لاوان. ❋ دیراسات و لێکۆڵینەوە.

٣. بەرپرسێتی سۆراغی ڕێك ڕۆیشتنی هەموو ئەرکێکی ئۆرگانەکانی سەر بە دیوانی خۆی لە ئەستۆدایە.

٤. بەرپرسی دیوان بۆی هەیە موحاسەبەی هەموو ئەندامانی ئۆرگانەکانی دیوانی خۆی بکات جگە لە بەرپرسی یەکەمی ئۆرگان و ئەندامانی دیوانی خۆی، ئەوە بەرپرسیێتی ئەنجومەنی شورای گشتییە.

**مادەی حەڤدەیەم: دیوانی ڕاگەیاندن:**

١ـ دیوانی ناوەندی ڕاگەیاندنی ڕەوتەو سەرپەرشتیاری هەموو ڕاگەیاندنێکی تر دەکات لە هەر کوێیەکی یەکە ئیدارییەکانی پەیکەری ڕەوتدا بن..

٢. ئیدارەی دیوان لەم (١٧) بەرپرسە پێك دێت:

❋ بەرپرسی دیوان. ❋ دوو جێگری بەرپرس. ❋ دوو ڕاوێژکاری بەرپرس. ❋ ڕاوێژکاری دیوان. ❋ نوێنەری ڕێبەریی. ❋ چاودێری ئیداریی. ❋ چاودێری دارایی. ❋ هەستەوان. ❋ هەڵسەنگاندن. ❋ دیراسات و لێکۆڵینەوە. ❋ ڕادیۆو تەلەفزیۆن. ❋ گۆڤاری ناوەندی ڕەوت. ❋ گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاڤۆك. ❋ ئەرشیف و کتێبخانە. ❋ ماڵپەڕو سایت و هەموو چالاکیەکانی تۆڕی ئینتەرنێت. ❋ لەگەڵ بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندەکان کە ئەندامی دیوانی ڕاگەیاندیشن.

**مادەی هەژدەیەم: دیوانی دارایی:**

١. دیوانی ناوەندی دارایی ڕەوتە، ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری دارایی ڕەوتی لە ئەستۆدایە.

٢. ئیدارەی دیوان لەم (١٥) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو ڕاوێژکاری بەرپرس. * ڕاوێژکاری دیوان. * نوێنەری ڕێبەریی. * چاودێری ئیداریی. * چاودێری دارایی. * بەیتولمال * ژمێریاریی. * هەڵسەنگاندن. * هەستەوان. * پلان و داهێنان. * زانیاری. * لەگەڵ بەرپرسی دارایی مەڵبەندەکان کە ئەندامی ئەم دیوانەشن.

٣. پەیداکردن و کۆکردنەوەو پاراستنی دارایی و ئامادەکردنی بوجەی ساڵانەی ئۆرگانەکانی ڕەوت و سەرف کردنی بە پێی تەعلیماتی بەردەست.

٤. سەرژمێری و ئاگاداریی بەردەوامی سەروەت و سامانی ڕەوت و ئەو کەسانەی لە ئەستۆیاندان.

٥. سەرچاوەکانی دارایی ڕەوت بریتین لە:

* ئابوونەی ڕەوتەوانان و زەکات و خێرو خێراتیان. * سامانی وەقف. * یارمەتی و کۆمەکی بێ مەرجیی دۆستان. * دەسکەوت (غەنیمەت و فەیئ و هی تر).

٦. تەرخان کردنی ٣٠% داهاتی ڕەوت بۆ وەبەرهێنان (الاستثمار).

٧. هەر دارایییەك بە هۆی ڕەوتەوە پەیدا کرابێت دەخرێتە بەیتولمالەوە.

٨. هەر کەسێك پارەی بەیتولمالی بێ مۆڵەت وەرگرتن بۆ بەرژەوەندی ئۆرگانێکی ڕەوت خستبێتە بازاڕی وەبەرهەمهێنانەوە، بە قازانجەکەیەوە لێی وەردەگیرێتەوەو تا سێ ساڵ لە ئەمینداریتی پارەدا جێمتمانە نامێنێت. ئەگەر بۆ سوودی شەخسی خۆی خستبوویە وەبەرهەمهێنانەوە، بە تۆمەتی ماشینەوە دەدرێتە دادگا..

٩. لە بەرپرسی مەڵبەند بەرەوژوور دەبێت سەروەت و سامانی لە ڕێبەریی تۆمار بکرێت.

**ماددەی نۆزدەیەم: دیوانی هەستەوانی:**

١. دیوانی ناوەندی ئەمنیەتی ڕەوتە، ئەرکی پاراستنی ڕەوتی لە سمین و سیخوڕیی و شەڕی دەروونی پێ سپێرراوە.

٢. ئیدارەی دیوان لەم (٢٥) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو ڕاوێژکاری بەرپرس. * ڕاوێژکاری دیوان. * نوێنەری ڕێبەریی. * چاودێری ئیداریی. * چاودێری دارایی. * هەستەوانی ڕێبەریی. * هەستەوانی سەرکردایەتی. * هەستەوانی ئۆرگانەکان. * ئاڕاستەکردنی شەڕی دەروونی. * تەحقیق و لێکۆڵینەوە. * بەڵگەنامەو ئەرشیف. * سۆراغ و هەڵسەنگاندن. * دیراسات و شیکاریی. * پلان و داهێنان. * لیژنەی ناکۆکی و داکۆکی. * زانیاری سیاسی. * زانیاری کۆمەڵایەتی. * زانیاری ئابووری. * زانیاری ئەمنی. * کردنەوەی خول. * پەیمانگای کادیرانی هەستەوانی. * بەرپرسی هەستەوانی مەڵبەندەکان کە ئەندامی ئەم دیوانەشن.

٣. بەرپرسێتی ناسین و ناساندنی هەموو کیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستانی بە سەرکردایەتی.

٤. مافی ئاسانکاریی یاسایی خێرای بۆ هەیە بۆی بکرێت.

## ماددەی بیستەم: دیوانی سۆراغی سکالاّ:

١. دیوانی ناوەندی وەرگرتنی سکاڵای ڕەوتەوانانە، هەر کەسێك سکاڵای لەسەر هەر کەسێکی تر هەبێت لە ڕەوتدا سکاڵای خۆی لێرە تۆمار دەکات، ئەم دەزگایە لە سەرەتادا هەوڵی ناوبژی لایەنە ناکۆکەکان دەدات، ئەگەر بۆی ڕێکنەخرانەوە، مەلەفی دادگایی هەردوولایان ڕێکدەخات و دەینێرێت بۆ دادگای باڵای ڕەوت.

٢. ئیدارەی دیوان لەم (١٧) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو ڕاوێژکاری بەرپرس. * ڕاوێژکاری دیوان. * نوێنەری ڕێبەریی. * چاودێری ئیداریی. * چاودێری دارایی. * نوێنەری ڕێبەریی. * تەحقیق و لێکۆڵینەوە. * بەڵگەنامەو ئەرشیف. * سۆراغ و هەڵسەنگاندن. * دیراسات و شیکاریی. * لیژنەی ناکۆکی و داکۆکی. * زانیاری کۆمەڵایەتی. * کردنەوەی خول. * بە قەدەر ژمارەی مەڵبەندەکان، ئەندامی سۆراغکاری ئەم دیوانەش زیاتر دەکرێن، هەر یەکەیان دەبێتە ئاڵقەی پەیوەستی نێوان ڕەوتەوانان و ئەم دیوانە.

٣ـ بەرپرسێتی زانین و ناساندنی هەموو سکاڵایەکی ناوخۆی ڕەوتی لەسەرەو هیچ سکاڵایەکیش بەبێ ئەم دەزگایە تەماشا ناکرێت.

**ماددەی بیستویەکەم: دیوانی بانگەواز:**

١ـ دیوانی ناوەندی بەلاغی ڕەوتە، ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری بانگەوازو زانستی شەرعی و فەتوای لە ئەستۆدایە.

٢. ئیدارەی دیوان لەم (١٩) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو راوێژکاری بەرپرس. * راوێژکاری دیوان. * نوێنەری ڕێبەریی. * چاودێری ئیداریی. * چاودێری دارایی. * هەستەوان. * زانستی شەرعی * فەتوا. * ڕێکخستنی زانایان. * ڕێکخستنی فێرخوازانی شەرعی. * خول کردنەوە. * بەرنامەی ئاڕاستەی شەرعی ناو ڕەوت. * بەرنامەی بانگەواز لە دەرەوەی ڕەوت. * زانیاری. * ئاڕاستەی شەڕی دەروونی. * لەگەڵ بەرپرسی ئاڕاستەوانی شەرعی مەڵبەندەکان کە ئەندامی ئەم دیوانەشن.

٣ـ زیندووکردنەوەی سیستمی خوێندنی فەقێیەتی و هاندان و پشتگیریی منداڵ و لاوان بۆ خوێندنی لای زانایان و هاندانی زانایان بۆ کردنەوەی حوجرەو لێبڕان بۆ پێگەیاندنی فەقێ. ئەمەش بەرپرسێتی جەماوەرە پێش ڕەوت و پێش ئەوقاف و حکومەتەکەی.

٤. پێکهێنانی ڕێکخراوی زانایانی ئیسلام و فێرخوازانی شەرع و لەخۆگرتنی ئەوانەی بە کۆمەڵکاریی ڕەوت رازین. بایەخ پێدان و گەشەپێدانیان بە تایبەتی لە رووی فیکریی و سیاسیی و تەکنیکییەوەو ئامادە کردنیان بۆ پڕ کردنەوەی ئیدارەکانی ئاڕاستەی شەرعی ڕەوت.

٥. یەکخستنی مەرجەعییەتی فەتوا لە ناو ڕەوت و ئامادەکردنی ژمارەی پێویست لە لیژنەی فەتوای بە توانا بۆ مەڵبەندەکان.

٦ـ نەخشـەدانان بـۆ گـەیانـدنی بـەلاغی دیـن و (ئیقامـە حوجـە) و بڵاوکردنـەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە هەموو شارو گوندێکی کوردستان.

* کردنـەوەی زانکـۆو پـەیمانگای پێویسـت بـۆ خوێنـدنی زانسـتی شـەرعی، بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو کەلێنـە گەورەیـەی ئێسـتا لـە ئاڕاسـتەی شـەرعیدا لـە نـاو خەڵکیدا هەیە. پڕ بوونـەوەی ئـەو پێداویستییە کاتێك نامێنێت کە هـەر (٢٥٠ کەسی گـەورەو بچووکی نێرو مێی دانیشتوان) ئاڕاستەوانێکی شەرعییان هەبێت ڕێنماییان بکات.

**ماددەی بیستوودووەم: دیوانی پەیوەندیەکانی ناوەوە:**

١ـ دیـوانی ناوەنـدی پەیوەنـدی نـاوخۆی کوردسـتانە، ئـەرکی بـەرفراوان کردنـی دۆستایەتی زیاترو ڕێکەوتنی زیاتری لە ئەستۆدایە.

٢. ئیدارەی دیوان لەم (١٩) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسـی دیـوان. * دوو جێگـری بـەرپرس. * دوو راوێژکـاری بـەرپرس. * راوێژکاری دیـوان. * نوێنـەری ڕێبـەری. * چـاودێری ئیـداریی. * چـاودێری داراییی. * هەسـتەوان. * بەڵگەنامەو ئەرشیـف. * هەڵسـەنگاندن. * دیراسـات و شیکاریی. * پلان و داهێنان. * بەرپرسی پەیوەندی بازنەی ئیسلامیەکان. * بەرپرسی پەیوەندی بازنـەی نیشـتیمانیەکان. * لەگـەڵ بەرپرسـی پەیوەنـدی نـاوخۆی مـەڵبەنـدەکان کـە ئەندامی ئەم دیوانەشن.

٣ـ دیـوان دوو بازنـەی پەیوەنـدی هەیـە: یەکـەم بـە ئیسـلامیەکانەوە، دووەم بـە نیشتیمانیەکانەوە. پەیوەندی تری دەرەوەی ئەم دوو بازنەیە لە ڕێی ئەنجومەنی شوراوە دەبێت.

٤ـ ڕێکخسـتنی پێداوویسـتیەکانی ڕێکـەوتن و پەیماننامـەکان بـۆ ئەنجومـەنی شـوراو ڕێبەریی ساز دەکات.

## ماددەی بیستوسێیەم: دیوانی پەیوەندیەکانی دەرەوە:

١ـ دیوانی ناوەندی پەیوەندی دەرەوەی کوردستانە، ئەرکی بەرفراوان کردنی دۆستایەتی زیاترو ڕێکەوتنی زیاتری لە ئەستۆدایە.

٢. ئیدارەی دیوان لەم (١٩) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو راوێژکاری بەرپرس. * راوێژکاری دیوان. * نوێنەری ڕێبەری. * چاودێری ئیداریی. * چاودێری دارایی. * هەستەوان. * بەڵگەنامەو ئەرشیف. * هەڵسەنگاندن. * دیراسات و شیکاریی. * پلان و داهێنان. * بەرپرسی پەیوەندی بازنەی ئیسلامیەکان. * بەرپرسی پەیوەندی بازنەی نیشتیمانیەکان. * لەگەڵ بەرپرسی پەیوەندی ناوخۆی مەڵبەندەکان کە ئەندامی ئەم دیوانەشن.

٣ـ دیوان دوو بازنەی پەیوەندی هەیە: یەکەم بە ئیسلامیەکانەوە، دووەم بە نیشتیمانیەکانەوە. پەیوەندی تری دەرەوەی ئەم دوو بازنەیە لە رێی ئەنجومەنی شوراوە دەبێت.

٤.بەرپرسێتی ڕێکخستنی پێداوویستیەکانی ڕێکەوتن و پەیماننامەکان بۆ ئەنجومەنی شوراو ڕێبەریی لە ئەستۆدایە.

٥.هەموو پەیوەندییەکی رەسمی بە رەزامەندیی ئۆرگانی رەسمی دەبێت.

## ماددەی بیستوچوارەم: دیوانی کۆمەڵایەتی:

١ـ دیوانی ناوەندی کۆمەڵایەتی رەوتە، ئەرکی گەشەپێدانی قیەمی ئیسلامی و پاراستنی نەریتی کوردی و راگرتنی ئادابی کۆمەڵایەتی ئیسلامی لە ناو کۆمەڵگەدا لە ئەستۆدایە.

٢. ئیدارەی دیوان لەم (٢٣) بەرپرسە پێك دێت:

* بەرپرسی دیوان. * دوو جێگری بەرپرس. * دوو راوێژکاری بەرپرس. * راوێژکاری دیوان. * نوێنەری ڕێبەری. * چاودێری ئیداریی. * چاودێری دارایی. * چاودێری تەندروستی. * هەستەوان. * شەهیدان. * زیندانیان. * کەمئەندام و

پەککەوتووان. * فریاگوزاریی. * نیشتەجێ کردن و ئاوەدان کردنەوە. * بەڵگەنامەو ئەرشیف. * ئەرشیفی تایبەت بە پاکتاوکردنی رەگەزی کورد. * هەڵسەنگاندن. * دیراسات و شیکاریی. * پلان و داهێنان. * ئاڕاستەی ئەدەب. * ئاڕاستەی هونەر. * بەرپرسی کۆمەڵایەتی مەڵبەندەکان کە ئەندامی ئەم دیوانەشن.

٣ . بەرپرسێتی ناسین و ناساندنی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی کوردستانی بە سەرکردایەتی.

٤.ناسین و ناساندنی هەموو تیرەو هۆزێکی کوردستانی.

**<u>ماددەی بیستوپێنجەم:ئەنجومەنی شورای ناوەندی:</u>**

١. ئاڵقەی پەیوەستی کاریگەری نێوان رێبەریی و نوخبەو جەماوەرە. ئامادەکاری زەمینەی هەموو بڕیارێکی رێبەریی و چاودێری سەر هەموو ئۆرگانێکی رەوتە.

٢. هەر (١٠٠) هاورێ بەرەوژوور، نوێنەرێکیان لە ئەنجومەنی شورادا دەبێت.

٣. لە کۆنگرەی گشتییدا لە کۆی پاڵێوراوان هەڵدەبژێررێن، (لە پاڵێوراوانی رێبەریی و پاڵێوراوانی ئۆرگانەکان).

٤. لە یەکەمین دانیشتنی دوای هەڵبژاردنیان سەرۆکی ئەنجومەنی شوراو دوو جێگرو دوو راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەن هەڵدەبژێرن.

٥. مەرجە هەر دوو مانگ و کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بکات.

٦. هەموو بڕیارێك بە دەنگدانی ٦٦% لەسەری دەبێتە رەسمی.

٧. <u>ئەرك و دەسەڵاتەکانی شورا:</u>

أ- سۆراغ و بەدواداچوون و لێپێچانەوەی هەموو ئۆرگانەکانی رەوتی لە ئەستۆدایە.

ب - دیاری کردنی هەڵوێستی پێویست لە روداوەکان و دەرکردنی بەیان و روون کردنەوە دەربارەیان.

ج- تەسدیق کردنی لائیحەی ناوخۆی دیوانەکان و ئامادەکردنی بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕێبەر لەسەریان.

د -یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوخۆی ئۆرگانەکان و ناردنیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئەگەر پێویستی کرد.

هـ- کردنەوەی مەڵبەندی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی.

و- دانان و گۆڕینی بەرپرسی مەڵبەندو ناوچەکان.

ز- دیاری کردنی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەو پلۆنیۆم و کۆبوونەوەی تری بەرفراوانی ڕەوت.

ح- سازکردنی پێشەکی و پێداویستی بڕیارە چارەنوسسازەکانی ناکۆکی و ئاشتی و ڕێکەوتن بەستن و هەڵوەشاندنەوەو ئامادەکردنی بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندی ڕێبەر.

ط- دیاری کردنی ووتەبێژی رەسمی و بڵاوکراوی زمانحاڵی ڕەوت و دیاری کردنی خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نوسینی.

ی - پێشنیار کردنی سزادانی بەرپرسی دیوانەکان بۆ ڕێبەر.

ك - نووسین و ئامادەکردنی راپۆرتی گشتی و ڕەشنووسی پەیڕەوو پرۆگرام بۆ کۆنگرە.

ل-تەسدیق کردنی بوجەی ساڵانەی ڕەوت کە دیوانی دارایی ئامادەی کردووەو بۆ شورای بەرز کردۆتەوە.

م ئەنجومەنی شورا لەسەر داوای ٣/٢ ی ئەندامانی کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی دەبەستێت.

٧ - <u>مەرجەکانی ئەندامێتی شورا:</u>

أ- تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- لانی کەم (١٠) ساڵی لە ناو ڕەوتدا بردبێتە سەر.

ج_ بە کەسایەتی ئیسلامی و دامەزراو ناسرابێت.

د- پسپۆڕی لە زیاتر لە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئاڕاستەی سەرکردایەتی ڕەوتدا هەبێت.

هـ-قۆناغەکانی پەروەردەبوونی ڕەوتی بە ڕێکوپێکی بڕیبێت.

ئەو سێ کەسەی لە دوای تەواوبوونی ژمارەی قانوونی شورا هاتوون، دەبنە ئەندامانی ئیحتیات، شورا دەتوانێت وەکو ئەندامی موتەفەڕیغ لە کاتی پێویستدا کاریان پێ بسپێرێت.

و-پاڵێوراوانی شورا مەرجە ڕەزامەندی جەنابی ڕێبەریان بۆ خۆپاڵاوتنیان بە دەست هێنابێت.

ز- ئەندامی شورا زیاد ناکرێت.

## ماددەی بیستوشەشەم: دیوانی راوێژکاری جەنابی ڕێبەر

١ـ دیوانی راوێژکاریی جەنابی ڕێبەر لەو ڕەوتەوانانە پێك دێت کە سەردەمانێك ئەندام شوراو بەرپرسی ئۆرگانی باڵای ڕەوت بوون و ئێستا بێ دەزگا ماونەتەوە.. (٢٠) ئەندام لەمانە دەبنە ئەنجومەنی راوێژکاری جەنابی ڕێبەر کە شەووڕۆژ لە خزمەتیدا دەبن، تا بتوانێت لە هەموو ڕەفتارێکدا کە بڕگەیەکی دەستوورو تەعلیمات نایگرێتەوە، پرسوڕای خێرایان پێ بکات.

٢ـ هەر یەك لە شوراو جەنابی ڕێبەر (١٥) پازدە کەس بۆ راوێژکاریی دەپاڵێون و ئەندامانی شورا (٢٠) کەسیان هەڵدەبژێرن و دەیانکەنە راوێژکاری جەنابی ڕێبەر.

٣.ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

أ-سەرپەرشتی و چاودێریی هێمنی ئەمنیی و ڕێك ڕۆیشتنی ئاڕاستەی جەنابی ڕێبەری بۆ هەموو ئۆرگانەکانی ڕەوت بە هۆی تۆڕی پەیوەندیەکانی نوێنەری جەنابی ڕێبەریی و هەستەوانانەوە کە وەکو دەماری هەست هەواڵی بەردەوامی ئۆرگانەکان دەگەێننە سەرو لەوێشەوە ئاڕاستەی جەنابی ڕێبەر دەگەێننەوە هەمووان.

ب_سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆو لاوەکی هەموو ئۆرگانەکانی ڕەوت.

ج_پاراستنی کەسایەتی جەنابی ڕێبەرو فەرزکردنی ڕێزو قەدری.

د_دانانی بەرنامەی کۆبوونەوەی دەوری راوێژکاران و جەنابی ڕێبەر.

هـ_نوێنەرایەتی کردنی ڕێبەری لە کات و شوێنی پێویستدا.

و_چاودێری کردنی ئەنجومەنی شوراو هاوکاری کردنی و تەقدیم کردنی سەرپێچی کارانیان بە جەنابی ڕێبەر.

ز-ڕێخۆشکردن بۆ تەسدیقی بڕیارەکانی شوراو داوای دیوانەکان کە واژۆی جەنابی ڕێبەریان دەوێت.

ح-پێکهێنانی کۆڕی پیاوچاکان و ئامۆژگاران بۆ جەنابی ڕێبەرو پاراستنی پارسەنگی ڕێبەرو ڕەوت و بەهێزکردنی متمانەو خۆشەویستی نێوانیان.

ت-کێشانی نەخشەی ڕەهەندەکانی دیدو ڕێ و کۆمەڵکاریی و بزاوت و هەڵوێستی گشتی ڕەوت و گەیاندنی بە ئەنجومەنی شورا.

ی-پەسەندکردنی بڕیارو تەعلیماتی دیوانەکان.

ك-دەرکردنی بڕیاری ئیداریی و تەنفیزیی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕەوت.

ل-پەسەندکردنی دانانی بەرپرسی مەڵبەندەکان و دیوانەکان، کە لەسەر پێشنیاری بەرپرسانیانن.

م-چاودێری کردنی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی سزای سەرپێچیە گەورەکانی ناو ڕەوت.

ن-دیاری کردنی وەفدی نوێنەری ڕەوت بۆ کۆبوونەوەو ڕێکەوتنەکان.

س-بازنەی ڕاوێژکاریی جەنابی ڕێبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە سەرپەرشتیاریی جێگری یەکەمی پێك دەهێنێت کە ئەم بەشانە بگرێتەوە:

⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری ئاڕاستەی شەرعی (جێگری یەکەمی جەنابی ڕێبەرە). ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری نوێنەرایەتی ڕێبەریی (جێگری دووەمی جەنابی ڕێبەرە). ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری ئەمنیەتی ڕێبەریی (جێگری سێیەمی جەنابی ڕێبەرە). ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری سیاسی رابەر. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری ڕاگەیاندن. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری ئیدارەی دیوان کە ئەقدەمترین ئیداریی سەرپەرشتی دەکات. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری دارایی. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری یاسایی. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ تەحقیق و لێکۆڵینەوە. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری بەڵگەنامەو ئەرشیف. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری سۆراغ و هەڵسەنگاندن. ⁕ ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری دیراسات و شیکاریی. ⁕

ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ کاروباری پلان و داهێنان. * ڕاوێژکاری جەنابی ڕێبەر بۆ سۆراغی سکاڵا * سکرتاریەت.

**ماددەی بیستوحەوتەم: جەنابی ڕێبەر**

١.ڕێبەری ڕەوت ئەمیرو ڕەمزی ڕەوتە، وەکیلی ئیعتیباری پێغەمبەری پێشەوایە صلی الله علیە وسلم، پیرۆزیی فەرمان و بڕیارو تەعلیماتی لەو مەنزیلەوە دێت کە بە پێی قورئان و سوننەت دیاری کراوە، جێبەجێکردنی فەرمان و بڕیارو تەعلیماتەکانی لە ڕووی شەرعیەوە بە خواپەرستی حسێبن، بۆیە سستی و کەمتەرخەمی تێیاندا مایەی لاوازی باوەڕە، ناکۆکی وپشێوی نانەوە بۆ ئەمیر نیشانەی فیتنەسازییەو هەرگیز بە خێر نایاتەوە.

٢.<u>مەرج و سیفاتی پاڵێوراوی ڕێبەری:</u>

أ- ڕێبەر نابێت تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمتر بێت.

ب- لە لایەنی شەرعناسیی و سیاسەت و هەستەوانی و ئیدارییەوە بە لێهاتوویی ناسراو بێت.

ج- سیفاتی تەقواکاریی و خواویستی و ئازایەتی و بوێریی و سەخاوەت و دانایی و توانایی و خۆگریی ئەوەندە تێدا بێت لەبەرچاوان ببێتە نموونە.

٣.ئەرك و دەسەڵاتەکانی جەنابی ڕێبەر:

أ- سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شوراو دیوانی ڕاوێژکاریی جەنابی ڕێبەر دەکات.

ب- ئاڕاستەی خۆی هەفتانە دەداتە دیوانی ڕاوێژکاریی و شورا، مانگانەش ئاڕاستەو بیرخستنەوەی خواویستی و هاندانی خۆگریی دەداتە هەموو ڕەوت.

ج- بڕیارە چارەنووسسازەکانی ناکۆکی و ئاشتی و پەیمان و جێبەجێکردنی سزا شەرعیەکان واژۆ دەکات.

د-راپۆرتی سیاسی کۆنگرە ئامادە دەکات و دەیخوێنێتەوە.

هـ- لە کۆڕو بۆنەی شکۆداردا نوێنەرایەتی ڕەوت دەکات.

و-لە هەر کات و شوێنێکدا دەنگی دەنگدەران یەکسان بوو، ئەو لایەنەی دەنگی جەنابی ڕێبەریان لەگەڵدایە پێش دەخرێت.

ز-مانگانە ئاگاداری هەموو چالاکیەکی ڕەوت دەبێت کە دەبێت ئۆرگانەکان بە راپۆرت بینوسن و بیگەێنن.

خ- ڕێکەوتن و بەیاننامەکانی ڕەوت.کە پێویستیان بەوە.واژۆ دەکات.

د- واژۆ کردنی سزای ئەندامانی شوراو سۆراغی جێبەجێ کردنی.

ح-لە حاڵەتی نەمانی توانای ڕێبەریدا جێگری یەکەم کاروباری ڕێبەریی بە شێوەیەکی کاتیی دەگرێتە دەست تا بەستنی کۆنگرەی داهاتووی ڕەوت.

ت-کاتی ڕێبەرێتی تا نەمانی توانینەو راوێژکاریی ڕێبەریش بۆ بەرچاوڕوونییە.

# بەشی چوارەم:

## دەزاگاکانی تری ڕەوت

**ماددەی بیستوهەشتەم: دەزگای فێرخوازی:**

١ـ دەزگایەکی ناوەندی ڕەوتە، هەموو جۆرە خوێندنێك دەستەبەر دەکات بۆ فێرخوازانی لێوەشاوەی هەڵبژاردە، بە ئومێدی پێگەیاندنی کادیری پێویست بۆ پڕ کردنەوەی پێداوویستیەکانی ئاڕاستەی ڕەوت و جەماوەر.

٢.ئەندامێکی شیاوی ئەنجومەنی شورا سەرپەرشتی دەکات.

**ماددەی بیستونۆیەم: پەیمانگای هەستەوانی:**

١.دەزگایەکی پێگەیاندنی کادیرانی تایبەتی ڕەوتە لە بواری ئەمنی (زانیاریی، شیکاریی، سمین و سیخوڕیی).

٢. وەرگرتنی فێرخوازان لە پەیمانگای هەستەوانی جگە لەوەی لە هەڵبژاردەو تەزکیەکراوانی سەرو هاوڕێی ناو ئۆرگانەکانی ڕەوت دەبن، دەبێ خاوەنی کۆمەڵێك سیماو سیفاتی تایبەتی تر بن، لەوانە: خواوویستی، ووریایی و زوو فێربوون و خۆگۆڕین و پشوودرێژیی و خۆگریی و هتد.

٣.لەوانەیە خوێندنی پەیمانگای هەستەوانی بۆ هەندێك ڕەوتەوان بکرێتە واجب.

**ماددەی سییەم: پەیمانگای ئیدارەو ڕێکخستن:**

١.دەزگایەکی ناوەندی ڕەوتە، خوێندنی مەنهەجی کارگێڕیی و ڕێکخستن و نەخشەوانی بۆ فێرخوازانی تایبەت دەستەبەر دەکات، بە ئومێدی پێگەیاندنی کادیری شیاوی پێویستی ڕێکخستن بۆ پڕ کردنەوەی پێداوویستیەکانی ڕێکخراوەیی ئۆرگانەکانی ڕەوت.

٢.فێرخوازانی لە پلەی هاوڕێ بەرەو ژوور دەبن.

**ماددەی سییویەکەم: سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و لێکۆڵینەوە:**

١ـ دەزگایەکی ناوەندی ڕەوتەو بە مەبەستی پەرەپێدانی ئاستی ڕوناکبیریی و شارەزابوونی واقیعی ڕەوت دامەزراوە، کە بایەخ بە دیراساتی قاڵ و قووڵ بووەوەی ئەم بوارانە دەدات:

* مەدرەسە فیکرییەکان. * مەڵبەندەکانی هێز. * کۆمەڵ و بنەما سەرەکیەکانی سیاسەت. * ئابووری سیاسی. * کاریگەریی مێژوو. * عەشایر و نەریتی. * ململانێی نێو دەوڵەتیی و کاریگەریی لەسەر کوردستان و هێزەکانی.

**ماددەی سییودووەم: دادگای شەرعی ڕەوت:**

١ـ دەزگایەکی دەسەلاتی سەربەخۆی داوەریی ڕەوتە، سەرۆکەکەی کە پسپۆڕی شەرع و یاساو ئوسوڵی مورافەعاتە بە ڕەزامەندی جەنابی ڕێبەر دادەنرێت.

٢.لەم بەشانە پێك دێت:

* وەرگرتن و بەدوادا چوونی سکاڵا. * چارەسەری عەشایری پێش دادگا. ئیدارەو داراییی. * داواکاریی گشتی (الادعاء العام). * دادگا. * جێبەجێ کردنی بڕیار.

٣. دادگا بە پێی سکاڵاو تۆمەتبار کردن سەلاحیەتی هەیە هەموو ڕەوتەوانێك بانگ کاتە دادگا.

٤ـ پرسینەوەو دادگایی کردنی ڕێبەر، پێکهێنانی دادگای دەستووریی تایبەت دەخوازێت.

٥. هیچ سزایەکی شەرعی (حدوودەکان) بێ ڕەزامەندی و بڕیاری ئاشکراو راشکاوی ئەمیر جێبەجێ ناکرێت.

٦.داوەریی سێ ئاستە: دادگای سەرەتایی، دادگای تەمییز، دادگای باڵا.

٧ـ کەس بۆی نییە بێ وەدەستهێنانی بڕیاری دادگاو نوێنەرانی دیاریکراویی سزا دەرکات یان رایپەڕێنێت.

**ماددەی سییوسێیەم::**

ئەندامێکی شیاوی ئەنجومەنی شورا سەرپەرشتی هەر یەك لە دەزگاکان دەکات.

# بەشی پێنجەم:

## ئاستەکانی دەسەلات لەناو ڕەوتا

**ماددەی سییوچوارەم:کۆنگرە:**

١. بەرزترین دەسەڵاتە، لە کاتی ئاساییدا هەر چوار ساڵ جارێك دەبەسترێت.

٢. لە کاتی دەست پێکردنیەوە بە درێژایی کۆنگرە بەرپرسیارێتی کەس نامێنێت جگە لە ڕێبەر کە سەرپەرشتیاری کۆنگرەکەیە.

٣. هەموو ئەندامان لە کۆنگرەدا یەکسانن.

٤. دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرە بە سەرکەوتوویی، لە ماوەی دوو هەفتەدا، دەورو تەسلیم لە نێوان ئەنجومەنی کۆن و ئەنجومەنی نوێی شورادا دەکرێت.

٥. ئەندامانی کۆنگرە بریتین لە:

* جەنابی ڕێبەر. * ئەندامانی راوێژکاریی. * ئەندامانی ئەنجومەنی شورا.

* ئەندامانی ئیحتیات. * نوێنەری ئۆرگانەکانی ڕەوت بە پێی ئەو ڕێژەو سیفەت و مەرجانەی لە تەعلیماتی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەدا هاتووە.

٦. لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە پێوەرو ڕێژەو چۆنیەتی پاڵاوتن و دەنگدان دیاری دەکات.

٧. ئەنجومەنی شورای ناوەندی ڕەوت لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە بە پێی پسپۆڕیی و لێوەشاوەیی پێك دەهێنێت و ڕەزامەندی جەنابی ڕێبەریان بۆ وەردەگرێت، ئینجا لیژنەکەش لیژنەی تری لقین بە پێی پێداوویستی کات و شوێن پێك دەهێنێت.

٨. ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

* هەموو ئەو سەلاحیەتانەی هەیە کە لەم پەیڕەوەدا بۆ ئەهلی حەل عەقد دیاری کراوە.

* پەسەند کردنی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ و ڕاپۆرتی سیاسی.

* دانانی نەخشەی پێویستی کات و شوێن و کاری داهاتوو.

**ماددەی سییوپێنجەم:ئەهلی حەل و عەقد** (پلۆنیۆم):

١ـ ئۆرگانێکی بەرزی رەوتەو دەسەڵاتی دوای کۆنگرەیە. لە حاڵەتی ئاساییدا ساڵی جارێك کۆ دەبێتەوە. پێك دێت لە:

* جەنابی رێبەر.
* ئەندامانی راوێژکاری جەنابی رێبەر.
* ئەندامانی ئەنجومەنی شورای ناوەندی رەوت.
* ئەندامانی دیوانەکان.
* ئەندامانی مەڵبەندەکان.
* بەرپرسی دەزگاکان.
* پاڵێوراوە دەرنەچووەکان.
* ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو.

٢ـ ئەهلی حەل و عەقد بە گوێرەی تەعلیماتێك کار دەکات کە ئەنجومەنی شورا بۆی دادەرێژێت.

**دەسەڵات و ئەرکی ئەهلی حەل و عەقد:**

أ- تەعدیلاتی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ.

ب- تەعدیلاتی بوجەو بەرنامەو نەخشەی کاری ئۆرگانەکان.

ت- هەر کێشەیەك لە ئەنجومەنی شورادا یەکلا نەکرابێتەوە، چارەسەرەکەی دەدرێتە دەست ئەندامانی ئەهلی حەل و عەقد.

پ- دەبێت دوای تەواو بوونی کۆنفرانسەکانی، بەیانی پێویست و بڕیارەکانی ئاشکرا کات.

## بەشی شەشەم:

### پرەنسپەگشتیەکان (المبادئ العامه)

**ماددەی سییوشەشەم:**

کارکردن بە مەرکەزێتی شوراییەو پاراستنی نهێنی رەوت واجبەو کارپێسپاردن بە پێی لێوەشاوەییە.

**ماددەی سییوحەوتەم:**

کەس دوو وەزیفەی رەوتی پێ ناسپێررێت مەگەر لە ناچارییەکی کاتییدا. وەزیفەش بە هەر کەسێك درا هەق نییە نکووڵی لێ بکات و لەبەری هەڵێت..

**ماددەی سییوهەشتەم:**

هەموو دەنگدانێك بە نهێنی بکرێت باشترە.

**ماددەی سییونۆیەم:**

هەموو ئۆرگانێك دەبێت پابەند بێت بە کاتی کۆبوونەوەو دیتن و نوسینی راپۆرت و چالاکی خۆیەوە. کات و مەرکەزێتی زۆر گرنگن.

**ماددەی چلەم**

مافی رادەربڕین و پرسیارو رەخنەگرتن و پێشنیارو سکاڵا بۆ هەموان مسۆگەرە، بە مەرجێك سنوری شەرعی تێدا رەچاو بکرێت.

**ماددەی چل و یەکەم:**

سامانی هەموو ئۆرگانێك پێش تەسلیم کردنی بە بەرپرسانی نوێ، تۆمار دەکرێت و لە لایەن تەسلیمکارو وەرگرەوە واژۆ دەکرێت.

**ماددەی چل و دووەم:**

هەموو ئەندامێکی شوراو راوێژکار حەسانەی هەیەو نابێت لەکەدار بکرێت.

**ماددەی چل و سێیەم:**

هەر کەس بۆ کاری ڕەوت یەکلا ببێتەوە، مافی وەرگرتنی توانای دارایی مام ناوەندی هاوپلەی خۆی هەیە.

**ماددەی چل و چوارەم:**

هەموو بەرپرسی ئۆرگانێك بۆی هەیە یاریدەدەر بۆ خۆی دابنێت.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

لە کاتی جێگۆڕکێی بەرپرسەکاندا دەبێت دەورو تەسلیم بکرێت.

**ماددەی چل و شەشەم:**

کلێشەو مۆرو تۆمارو سونبولی ڕەوت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی شورا دەبێت.

**ماددەی چل و حەوتەم:**

بەرپرسی هەموو مەڵبەندو دیوانێك بە هەڵبژاردنی ئازاد دەکرێت، کە لە لایەن هاوڕێ بەرەوژووری ئۆرگانەکانیانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە بارودۆخی نەخەملّیووی ئێستای ڕەوتدا تا کاتێك کۆنگرەو ئەهلی ڕەئی دەکەونە دەنگدان بەرپرسی ئۆرگانەکان لە لایەن ڕێبەرەوە بە شێوەیەکی کاتیی دادەنرێن.

**ماددەی چل و هەشتەم:**

دیوانەکان دەبێ پرۆژەی بەرنامەی ناوخۆی خۆیان گەڵاڵە بکەن و بینێرن بۆ ئەنجومەنی شورا، شوراش دوای تاوتوێ کردنی ڕەزامەندی ڕێبەری بۆ وەردەگرێت.

**ماددەی چل و نۆیەم:**

بەرپرسی هەموو مەڵبەندو دیوانێك ئەندامی شورای مەرکەزیی دەبێت.

**ماددەی پەنجایەم:**

ڕەوتەوان بۆی هەیە دوو جار بەرپرسی ئۆرگانێك بگرێتە دەست.

**ماددەی پەنجا و یەکەم:**

مەرجە ئەندامی شوراو بالآتر زمانی کوردی (تێگەیشتن و دووان و نووسین) بە چاکی بزانن.. ئەمە مەرجی ئەندامێتی هەموو ئەنجوومەنێکی بالآی میللەتیشە کە لەژێر سەرپەرشتی ڕەوتدا دابمەزرێت یان ڕەفتار لەگەڵ ڕەوتدا بکات.

**ماددەی پەنجا و دووەم:**

ئەم پەیڕەوە لە رووی شەرعییەوە تا بەستنی کۆنگرەی یەکەمینی ڕەوت بۆ هەموو ڕەوتەوانێك ئیلزامی دەبێت، هەر جۆرە لێلادان و ئیهمال کردنێکی دەبێتە مایەی سزا وەرگرتن..

تێبینی:

ئەم پەیڕەوی ناوخۆی ڕەوتە لە شەش بەش و (پەنجاودوو) ماددە پێك هاتووە.

تێبینی:

زۆر لەم ماددانە بە یاساو ڕێساو راڤەی جودا ڕوونکراونەتەوە. بۆ نموونە: سزاکان ، ویسام بەخشین، سکاڵا تەقدیم کردن ..!

ڕەخنەو تێبینیەکانتان بنێرن بۆ ئەمە:

peshnyarirawt@gmail.com

## شاهیدانی خواویستی

**ماڵپەر**

rawtyshax.com

**پەڕەی فەیسبووک**

fb.com/rawtyshax

**هەژماری تویتەر**

twitter.com/rawtyshax

**ئیمەیل**

rawtyshax@gmail.com